Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpC.16

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Laila Muhsin Rashid
lailamuhsin54@gmail.com

# واتای شێوازی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا- "کۆمێنتەکانی فەیسبووک بە نموونە"

**لیلی محسن ڕەشید**/بەشی زمانی کوردی، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر,هەرێمی کوردستان,عیراق

**بدرخان سلیمان علی**/ بەشی زمانی کوردی، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر,هەرێمی کوردستان,عیراق

RECEIVED :02 /08/2025
ACCEPTED :15/09/ 2025
PUBLISHED :15/12/ 2025

## پوختە

لە سەردەمی پەیوەندییە دیجیتاڵیەکاندا، پلاتفۆڕمە کۆمەڵایاتییەکان وەک فەیسبووک بوونەتە گۆڕەپانێکی سەرەکی بۆ کارلێکی زمانی و دروستبوونی شێوازی نوێی دەربڕین. توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ هەڵسەنگاندنێکی هاوبەش بۆتێگەیشتن لەپەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ و تەکنۆلۆژیا لەنێو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا، کە بووەتە بەشێک لەژیانی ڕۆژانەی تاکەکانی کۆمەڵگای ئەمڕۆ. لەم چوارچێوەیەدا چەند کۆمێنتێکی فەیسبوک وەرگیراوە بۆدەرخستنی واتای شێوازی لەڕووی فەرمی و نافەرمیبوون، ڕەگەز، تەمەن، شێوەزاری جوگرافی و ئاستی ڕۆشنبیری بۆ ئەوەی فرەجۆری واتای شێوازی لە کۆمێنتەکاندا دەستنیشان بکەین .

ئەنجامەکان دەریدەخەن بەکارهێنەرانی فەیسبووک پێنج جۆری واتای شێوازی بەکاردەهێنن: فەرمی، نافەرمی، ئەدەبی، ئاستی بەرزو نزمی ڕۆشنبیری. ئەم فرەجۆرییە نیشاندەری دەوڵەمەندی زمانی بەکارهێنەران و توانای ئەوانە لەگۆڕینی شێوازی زمان بەپێی دۆخەکان. کاریگەری هۆکارکۆمەڵایەتییەکان لەسەر هەڵبژاردنی شێوازی زمان لەڕووی ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندەواری و پیشە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر هەڵبژاردنی واتای شێوازی هەیە. هەر گرووپێک تایبەتمەندی زمانی خۆی هەیە کە لەشێوەی دەربڕین، بەکارهێنانی وشە، و ئاستی فەرمیبوونی زماندا دەردەکەوێ. بابەتی کۆمێنتەکان ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەبینن لە دیاریکردنی واتای شێوازیدا. بابەتە فەرمی و سیاسییەکان واتای شێوازی فەرمی و ئاستی بەرز دەخوازن، لەکاتێکدا بابەتە کەسی و خێزانییەکان زمانی نافەرمی و ئاسایین.

**وشە سەرەکییەکان :**
واتا،
واتای شێوازی،
تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان،
کۆمێنت،
فەیسبووک.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی

لەسەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و گەشەسەندنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، زمان و شێوازی دەربڕین گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بەسەردا هاتووە. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک فەیسبوک بوونەتە میدیایەکی بەهێز و کاریگەر بۆ پەیوەندی و کارلێکی نێوان خەڵک لە سەرانسەری جیهاندا. لەم چوارچێوەیەدا، کۆمێنتەکان وەک یەکێک لە گرنگترین شێوازەکانی دەربڕین و بەشداریکردن لە گفتوگۆ و باسەکان، خەسڵەتی تایبەتیان بۆ خۆیان پەیدا کردووە.

ئەم پلاتفۆڕمە دیجیتاڵییە توانیویەتی مرۆڤ لە دونیاییکی بەربلاو و بێسنووردا لەگەڵ یەکتردا ببەستێتەوە، ئەم تێکەڵی و بەستنەوەیەش جۆرەها تاکی سەرجەم ئاستە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵ کۆبۆتەوەو سەرجەم چین و توێژەکان لەیەک پۆستی ئەلیکترۆنیدا بەشداردەبن لە نووسینی کۆمێنت بەپێی بیروڕاو ئاستی جیاوازییان، بۆیە کۆمێنتەکان جۆراوجۆر و سەر بە ئاست و شێوازی جیاواز دەبن، ئەمەش جێگای سەرنجە کە ئەم جۆرە شێوازە لە نوسین و تێکەڵییە لە کەسانی جیاوازی نێو کۆمەڵ و سەر بە ئاستە جیاوازەکان وادەکات کە توێژینەوەی لەسەر بکرێ و جۆر و شێوازە جیاوازەکان واتای جیاوازی لێدەکەوێتەوە و لەڕووی واتاوە دەتوانیین لێیان بکۆڵینەوەو باشترین داتاشە کە جۆری واتایان تێدا دەستنیشان بکەین، بەتایبەتیش لەڕووی واتای شێوازییەوە، کۆمێنتەکان لێکجیابکەینەوە و پۆلیان بکەین بەپێی بنەماکانی واتای شێوازی.

**١-٠ ناونیشانی توێژینەوەکە:** واتای شێوازی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا – کۆمێنتەکانی فەیسبووک بە نموونە.

**٢-٠ ئامانجی توێژینەوەکە:** شیکردنەوەی واتای شێوازییە لە کۆمینتەکانی بەکارهێنەرانی فەیسبووکدا، بەتایبەت لەڕووی شێوازی واتایی دەربڕاوەکان و چۆنیەتی دەربڕینیان لە نووسینی کۆمێنتەکان لە فەزای دیجیتاڵدا. هەروەها پێوانەی ئاستی چالاکی بەشداربووان و کاریگەری کۆمەڵایەتییان. شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان شێوازی زمان و خەسڵەتە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکانی کۆمێنتنووس وەک: (تەمەن، ڕەگەز، ئاستی خوێندەواری، پیشە، شوێنی جوگرافی) **ن**اسینەوەی جۆرە جیاوازەکانی شێوازی زمان لە کۆمێنتی فەیسبوکدا و پۆلێنکردنیان بەپێی تایبەتمەندی و کارایی. لێکۆڵینەوە لە کاریگەری شێوازی زمان لەسەر وەڵامدانەوە، کارلێک و بەشداریکردنی خوێنەران لە گفتوگۆکاندا. پێشکەشکردنی مۆدێلێک بۆ تێگەیشتن لە واتای شێوازی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.

**٣-٠ گرنگی توێژینەوەکە:** شێوازی زمان و واتای شێوازی لە کۆمێنتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا تەنها بەکارهێنانی سادەی وشە و دەستەواژە نییە، بەڵکو سیستەمێکی ئاڵۆزە کە هەڵبژاردنی وشە، شێوازی ڕستەسازی، بەکارهێنانی نیشانە و هێما تەنانەت شێوازی بەکارهێنانی فۆنت و ڕەنگیش لە خۆ دەگرێت، ئەم شێوازانە تەنها پەیامی سەرەکی ناگوێزنەوە، بەڵکو زانیاریش دەربارەی: (کەسایەتی، کولتوور، تەمەن، پلەی خوێندەواری، پێگەی کۆمەڵایەتی کۆمێنتنووس) دەردەخات، بەکارهێنەرانی فەیسبووک شێواز و دەربڕینی جیاواز بەکاردەهێنن، کە لەوانەیە ببن بەئاوێنەی ناسنامەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییان.

فەیسبوک وەک یەکێک لە کاریگەرترین تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دەرفەتی نایابی بۆ لێکۆڵینەوە لەم دیاردەیە دابین دەکات. بە میلیۆنان بەکارهێنەر لە جیهانی کوردستان و لە سەرانسەری جیهاندا، بە شێوەیەکی ڕۆژانە تێکەڵ بە نووسین و کۆمێنتکردن دەبن، کە ئەمەش دەرفەتێکی بێوێنە بۆ تۆمارکردن و شیکردنەوەی شێوازە جیاوازەکانی زمانی دەق و واتای جیاوازی دەق و وشە دروست دەکات.

واتە گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کە پەردە لەسەر پەیوەندیی نێوان زمان، کۆمەڵگە، و تەکنەلۆژیا لە سەردەمی دیجیتاڵیدا هەڵدەداتەوە. دەریدەخات کە چۆن بەکارهێنەران لە ڕێگەی هەڵبژاردنی شێوازی جیاوازی زمانەوە لە فەیسبووک، ناسنامەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشەنبیریی جۆیان دادەڕێژن.

**٤-٠ پرسیاری توێژینەوەکە:** فەزای دیجیتالی بەتایبەتیش لە پەیج و پلاتفۆرمە جیاوازەکان، هاوبەشێکی زۆری هەیە و سەرجەم چین و توێژەکان تیایدا بەشدارن، بەشداربوانیش سەر بە چینی کۆمەڵایەتی و کەلتوری و پیشەیی جیاواز و ئاست و پێگەی جیاواز و خاوەن باکگراوندی رۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی جیاوازن، ئەمەش دەبێتە هۆی جیاوازی لە بەشداریکردن لە کۆمێنتەکان و کۆمێنتەکان جۆراوجۆر دەبن و لە ئاستی جیاواز و هزر و بیری جیاوازەوە هەڵدەقوڵێن.

ئەمەش لە ڕووی واتاییەوە جێگای تێڕامانی جیاوازە و شێوازی جیاواز پێکدەهێنێ. توێژینەوەکە پرسیاری ئەوە دەخاتە ڕوو، کە ئایا ئەم کۆمێنتانە دەکرێ بەیەک شێوە لە ڕووی واتاییەوە تێبینی بکرێ:

- ئایا کۆمێنتەکان لە ڕووی نوسین و دەربڕینەوە لە چ ئاستێکدان؟
- ئایا کۆمێنتەکان لە ڕووی تەمەن و ڕەگەز و پلەی کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری کۆمێنتنووسەکان لێک جیاوازن؟
- ئایا کۆمێنتەکان لە ڕووی پیشەی کۆمێنتنووس و شێوازی فەرمی و نافەرمی کۆمێنتەکان لێک جیاوازن؟
- ئایا شێوازی زمانی لە کۆمێنتەکانی فەیسبووک تەنیا بژاردەی کەسییە یان کاریگەرە لە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان؟
- چۆن دەتوانین شێوازی زمانی شیبکەینەوە وەکو ئاماژەیەک بۆ ناسنامەی کۆمەڵایەتی کۆمێنتنووس؟
- شێوازە جیاوازەکان چ کاریگەرییەکی هەیە لە وەڵامدانەوەو کارلێکی نێوان بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؟

سەرجەم ئەم پرسیارانە لە شیکردنەوەی داتای کۆمێنتەکان وەڵامدەدرێتەوە.

**٠-٥ گریمانەی توێژینەوەکە:** تێگەیشتنی باشتر لە پەیوەندی ئەلیکترۆنیدا. بەدەستهێنانی زانیاری هەڵسەنگێنراو بۆ توێژەرانی بواری زمانەوانی و کۆمەڵناسی و ڕاگەیاندن. دانانی بنەمایەک بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان تەکنۆلۆژیا و گۆڕانی زمانی. پێشکەشکردنی ڕێنمایی پێویست بە بەکارهێنەران و دامەزراوەکان بۆ تێگەیشتنی باشتر لە شێوازی پەیوەندیکردن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.

**٠-٦ سنووری توێژینەوەکە:** چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی ورد دیاریکراوە؛ شیکارییەکە تەرخانکراوە بۆ واتای شێوازی لەناو کۆمێنتەکانی فەیسبووکدا. هاوکات، داتاکان سنووردارن بە زمانی کوردی (کرمانجی سەروو و خواروو) و لە چوارچێوەی جوگرافیای کوردستاندا کۆکراونەتەوە.

**٠-٧ ڕێبازی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە پشت بە ڕێبازی وەسفی شیکاری دەبەستێت.

**٠-٨ بەشەکانی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی، لە سێ بەش و ئەنجامەکان پێکدێ و لە کۆتاییش لیستی سەرچاوەکان لەگەڵ پوختە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و پاشکۆیەک خراوەتە ڕوو.

## ١- بەشی یەکەم: واتای شێوازی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

### ١-١ چەمک و پێناسەی واتا:

واتا بابەتێکی ئاڵۆزەو بە درێژایی مێژوو فەیلەسوف و زمانەوانەکان گفتوگۆی زۆریان لەسەرکردووە، واتا ((ئاماژەیە کە وشەیەک هەیەتی و هەر وشەیەکیش لە ڕێگەی ئەو ئاماژەیەوە واتادار دەبێ کە وشەکە بۆی دەگەڕێتەوە))(محەمەد، ٢٠١٢: ٨٤٨). فریناندۆ دی سۆسێر پێی وایە ((واتا توانای گشتی ناوەوەی مرۆڤە لە بەکارهێنانی سیستەمی هێماکان))(حەمە کەریم، ٢٠١٥: ٩).

(واتا دیاردەیێکی ئاڵۆزە پەیوەندی بە گشت بوارە جیاجیاکانەوە هەیە، چ بەرجەستە بێت یان نابەرجەستە. بەڵام ئەم دیاردەیە تەنها پەیوەندی بە دیاردە زمانییەکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە دیاردە نازمانییەکانەوە هەیە لە دەرەوەی زمان وەک؛ ژیانی کۆمەڵایەتی و ژینگەی سروشتی....هتد. تا ئێستا دیاردەی واتا لای زمانەوان و فەیلەسوف و لۆجیستەکان جێگەی سەرەنج و گفتوگۆیە و سنوورێکی دیاریکراوی بۆ دانەنراوە، چونکە هەر تاکە وشەیەک لە زماندا واتایەک یان زیاتر دەگەیێنێ)(عەللاف ٢٠٠٩: ٥٩).

وشەی سیمانتیک لە سەدەی حەڤدەهەمدا ئاماژەی پێکراوە، لە وشەی فەرەنسی (Semantique) هاتووە، کە لە زمانی یۆنانی بە گشتی داهێنرا، پێشووتر لە لایەن(برێم ئێم) کە کتێبەکەی برێل دەرکەوت توێژینەوە لە زانستی واتا دەکات لە ساڵی (١٩٠٠). دەستەواژەی واتا بۆ ماوەیەک سەرنجی زمانەوانانی ڕاکێشا بە ناوبانگترینیان بریتییە لە کتێبەکەی (واتای واتا) لە نووسینی ئۆگدن ڕیچاردز و کە یەکەم جار بڵاو کرایەوە (١٩٢٣)، ئەوەی جێگەی داخە زاراوەی واتا لە زماندا لە نێو خەڵکدا بە کارهێنرا، بە تایبەتی لە ڕۆژنامەکاندا وێنەیەکی ڕووکەش پێشکەش دەکات، ئاماژە بە دەستکاری کردنی زمان دەکات بە زۆری بۆ چەواشەکردن(بالمر، ١٩٩٥: ١١)

کەواتە واتا بریتییە لە پەیوەندی نێوان وشەکان و چۆنیەتی وەرگرتنی مانا لەو وشانە، کە خەڵک دەتوانن وشەکان بە

شێوەیەکی جیاواز لێکبدەنەوە و مانای جیاوازییان لێ وەربگرن.

**١-١-١ چەمکی واتا:** دەستەواژەی واتا لە لایەن هەندێک کەسەوە پێشنیاز کراوە کە تێکەڵ دەبێت لەگەڵ زانست، واتا کە لقێکە لە لقەکانی ڕەوانبێژی. (هێڵمسێلف) دەڵێت: واتا دوو دەستەواژەی هەیە یەکێکیان دەینێرێت بۆ ئەوی ترەوە، شێوازی گواستنەوەیە ئەوەی کە ئێمە پێی دەڵێین واتا. بۆ نموونە کاتێک گوێمان لە وشەی درەخت دەبێت لە مێشک پێی دەوترێت وێنەی دەنگی یان هێما، ئەو بیرۆکەیەی کە مێشکمان دەربارەی ئەو کاریگەرییە پێکی دەهێنێت چەمکییە، ئەو پەیوەندییە بە یەکییانەوە دەبەستێتەوە سایکۆلۆژییە، واتاکەی پەیوەندی سایکۆلۆژی نێوانیانە، واتا هەموو پرۆسەکە سایکۆلۆژییە لەسەر ئاستی دەروونداـ دیسۆسێر پێی وایە جیاکردنەوەی نێوان هێما و هێمابۆکراو مەحاڵە و`جیاوازی نێوانیان تەنیا بۆ هۆکاری میتۆدییە، بۆیە دوو لایەنی کاغەزێک بەراورد دەکات و ئەگەر یەکێکیان پارچە پارچە بکەین ئەوەی تریان بە دڵنیاییەوە پارچە پارچە دەبێت. لێرەدا ئاماژە بەوە دەکەین کە ئیبن سینا تێڕوانینێکی بەڵگەی زمانەوانی هەیە، کە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ دێ سۆسێر کە ئەمەیە: ئیبن سینا وتی واتای وشەیەک ئەوەیە مانایەک لە ڕوحدا دەکێشرێت، بۆیە مێشک دەزانێت ئەمە ئەو چەمکەیە دەبیسترێت، هەر کاتێک هەستی هزری دەگۆڕێت بۆ واتا دەتوانین بڵێن کە ئەم دوو بۆچوونە تاڕادەیەک لەم ڕێگەیەوە یەکدەگرن (بوزوادە، ٢٠٠٨: ١٩).

واتا تێگەیشتنە لە مانای شتێک یان دیاردەیەک. واتا پەیوەندی نێوان دال (وشە، هێما، دەربڕین) و مەدلوول (ئەو شتەی کە ئاماژەی پێ دەکرێت) دروست دەبێت. واتا لە زماندا ئەو ناوەرۆکە مەعریفی و هزرییەیە کە وشە یا دەربڕینێک دەیانگەیەنێت. واتا وێناکردنە لە مێشکی مرۆڤدا و سێ شتی لێکجیا کردۆتەوە، (شتێک لە دونیای دەرەوەدا، وێناکردن، دەنگەکان)(عمر، ١٩٨٢: ١٧). ((واتای وشەیەک لە بنەڕەتدا پشت بە هەڵوێستەکە نابەستێت، بەڵکو پشت بە پەیوەندی وشەکە بە وشەکانی دیکەوە لە خودی زمانەکەدا دەبەستێت))(خولی،خۆشناو، ٢٠٢٤: ٨٨).

واتا چەمکێکە کە لێی تێدەگەین، بەواتای مەبەست یان ئامانج دێت، وشەیێکی زمانەوانی گرنگە، کە یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆ تیگەیشتنی قوڵ و ورد لە ماناو مەبەستەکان. وشەی واتا زاراوەیەکی کوردییە و بۆگەیاندنی مانایەکی قوڵتر بەکاردەهێنرێت، کە لە زاراوەی کوردی ناوەڕاست (سۆرانی) ئەم زاراوەیە بەکاردێت.

**١-١-٢ پێناسەی واتا**

بیروڕای جیاواز هەیە لەسەر دانانی پێناسەیەک کە گشتگیر بێت و هەموو مەبەستەکان بپێکێت، چونکە زانایان بیروبۆچوونیان لەسەر چەمکی واتا جیاوازە. ئێمەش لێرەدا هەندێک لەو پێناسانە دەخەینە ڕوو:

ئۆڵمان: – واتا بریتییە ((لە پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕی نێوان وشە و هێما بۆ کراو))( علی، ٢٠١١: ٢٨).

ئەفلاتون: واتا بریتییە لە پەیوەندییەکی دوو لایەنی لە نێوان فۆڕمێکی زمانی و کەرستەیەک لە دەرەوەی زمان (crystal, 1997: 410)

ئەفلاتون و ئەڕستۆ و پێکەوە پێناسەیەکیان بۆ واتا داناوە: بریتییە ((لە پەیوەندی نێوان فۆرمێک لە ناوەوەی زمان و فۆرمێکی تر لە دەرەوەی زمان))(خۆشناو، ٢٠١٤: ٦٦).

فێرس: واتا ((بریتییە لە کۆمەڵە پەیوەندییەکی سیاقی ئاڵۆز))(ئۆڵمان، ١٩٨٦: ٦٤).

محەمەد مەحوی: واتا ((زاراوەی ناوجەرگەی و ناوەندی سیمانتیکە و نرخی هێمایە کرۆک و هێزی گەیاندنە بە بێ واتا، شێوەو بیچمی هێمایەک، هێما نییە، بەڵکوو تەنها فۆرمێکی بۆشە))(مەحوی، ٢٠٠٩: ٢٢).

کەواتە واتا: شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی مانا و چەمکی دەستەواژە یان وشەییێکە، بە ئامانجی گەیاندنی مانای تەواو و ڕوون و ئاشکرای وێنەیەک یان دەستەواژەیەک و ڕوونکردنەوەی ناوەرۆک و تایبەتمەندییەکانی.

**١-١-٣ واتای شێوازی (Stylistic Meaning):**

ئەو واتایەیە کە زمان دەیگەیەنێت دەربارەی ئەو بارە کۆمەڵایەتییەی کە تێیدا بە کار دێت، هەندێک لە وشەکان و شێوەی گوتنەکە و جۆری دیالێکتەکەمان بۆ ڕوون دە کاتەوە (فەتاح، ٢٠١١: ١٦٢

واتای شێوازی زانیاریمان دەداتێ لە بارەی پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر و پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و شوێنی جوگرافی و پلەی خوێندەواری ئیش و کارو جۆری زارەکە و پلەی پێشکەوتووی زارەکە و وەک ئەوەی زاری بازاڕییە

یان فەرمیە یان ئەدەبییە...هتد (دزەیی، ٢٠١١: ١٠٩).
هەروەها جۆری زمانەکەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، ئایا زمانی شیعرە یان پەخشانە یان زانستە(عمر، ١٩٨٢: ٣٨).
لە لایەکی ترەوە جۆری زمانەکە ئایا زمانی زانستە؟ زمانی ڕاگەیاندنە؟ زمانی ئەدەبییە؟ زمانی یاساییە؟ ئەمانە هەمووی کار لە شێوازی قسەکردن دەکەن، هەروەها بە پێی باری کۆمەڵایەتی و ئاست و چینەکانی ناو کۆمەڵ دەگۆڕێت، بۆ نموونە: وشەی (دایک) لە کۆمەڵگەی کوردەواری وەک گوندەکان و دەوروبەری هەولێر (هۆدە) بەکاردێنن، بەڵام چینی مام ناوەند وشەی (دایە) یان (دایکە) بەکاردێنن(عەلی، ٢٠١٩: ٣٠).
زۆر وشەمان هەیە کە واتای هۆشەکییەکەیان یەکن، بەڵام لە واتای شێوازیدا جیاوازن( فەتاح، ٢٠١١: ١٦٣) وەک:
ڕفاند = فڕاند
چێڵ = چێر
بابە = باوکە = بابۆ
زۆر جار شێوازی قسەکانمان بە پێی پلەی ڕێزکردن و هەست دەردەبڕێت وەک:
- دەمت لێک نێ. ڕێزگرتنی تێدایە.
- ئەوەندە مەڵێ. بێ ڕێزە.
- تکایە بێ دەنگ بە. ڕێزدارە. (سەرچاوەی پێشوو)

یان لە ڕستەی:
- کراسەکەم بە دوو جار دە کڕی.
- گۆرییەکەم بە یەک پارەی زەرد کڕی.
لەم ڕستانەدا شێوازی نەخوێندەواری و جۆری زمانەکە و ئاستی ڕۆشنبیری دەریدەخات، کە زاری بازاڕییە. لێرەدا واتای شێوازی دەوەستێتە سەر ئاستی ڕۆشنبیری کەسەکە و پلە و پایەی ڕێزگرتنی لەناو کۆمەڵدا. بۆیە کاتێک پۆلیسێک گفتوگۆ لەگەڵ پۆلیسێکی پلە بەرزتر لە خۆی دەکات بە گەورەم یان ئەفسەر بانگی دەکات، بەڵام ئەفسەرەکە بە ناوی خۆیەوە بانگی پۆلیسەکە دەکات.
واتای شێوازی تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی و جوگرافی کەلتوورییەکان دیاری دەکات بۆ قسەکەران، بۆ نموونە ( باوک، بابە، بۆیا، ئابا) هەرچەندە وا دیارە هاوڕان لەمانا بنچینەییەکاندا، بەڵام لە بەکارهێناندا جیاوازن، هەر یەکەیان ئاماژە بە تایبەتمەندییەکدەکات، هەر یەکەیان ئاماژە بە ناوچەیەکی جوگرافی دەکات کە قسەکەری لێوە هاتووە(بوزوادە، ٢٠٠٨: ٨٠).

**١-١-٣-١ تایبەتمەندییەکانی واتای شێوازی:**

ا- گونجاندن لەگەڵ دۆخ: دەگۆڕێت بە پێی دۆخی بەکارهێنان، جیاوازە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، پەیوەستە بە گونجاندنی لە گەڵ بارودۆخەکە و ئامانجی قسەکەر لە گوتنی دەقەکە.
ب- ئاستی زمان: فەرمی و نافەرمی، ئەدەبی و ئاسایی، ڕەسمی و ناڕەسمی.
ج- کۆمەڵایەتیبوون: پەیوەندی بە پێگەی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، جیاوازی چینایەتی دەردەخات، گونجاوە لەگەڵ نەریتی کۆمەڵایەتی.
د- گۆڕاوی: بە پێی کات و شوێن و بە پێی قسەکەر دەگۆڕێت.
نموونە:
- واتای شێوازی پەیوەست بە فەرمی و نافەرمی:
بەڕێز مامۆستا (فەرمی)
مامۆستا گیان (نافەرمی)
- پەیوەست بە تەمەن: بۆ گەورە (جەنابتان، بەڕێزتان)
بۆ هاوتەمەن (برادەر، هاوڕێ)

بۆ بچووک (ڕۆڵە، کورم، کچم)
– پەیوەست بە پیشە: بۆ پزیشک: (دکتۆر، بەڕێز دکتۆر)
بۆ وەستا: (وەستا، بەڕێز)
– پەیوەست بە جێندەر: بۆ پیاو: (کاک، بەڕێزم)
بۆ ژن: (خاتوو، خانم)
– پەیوەست بە شوێن:
لە زانکۆ: (بەڕێزمامۆستا، بەڕێز پرۆفیسۆر)
لە بازاڕ: (کاکە، برا)
لەفەرمانگە: (بەڕێزبەڕێوبەر، جەنابتان)
– پەیوەست بە کات: بەیانی: (بەیانیت باش)
ئێوارە: (ئێوارەت باش)
شەو: (شەو باش)
– پەیوەست بە هەرێم و ناوچە: هەولێر: (برا گیان، خوشکە)
سلێمانی: (کاکەگیان، دادە)
دهۆک: (خۆشەویست، خویشک)
کەرکووک: (قوربان، عەزیز)
– پەیویست بە خزمایەتی: بۆ باوک: (باوکە، بابە)
بۆ دایک: (دایە، دایکە)
بۆبرا گەورە: (کاکە)
بۆخوشک: (خوشکە، دادە)
– پەیوەست بە ئاستی خوێندەواری: زانکۆیی: (دکتۆر، پرۆفیسۆر)
قوتابخانە: (مامۆستا،بەڕێزمامۆستا)
نەخوێندەوار: (وەستا، مام)
– پەیوەست بە نزیکی پەیوەندی: زۆر نزیک: (گیان، ڕۆح)
مامناوەند: (برادەر، هاوڕێ)
دوور: (بەڕێز، جەناب)
– پەیوەست بە بۆنەو ڕێوڕەسم: جەژن: (جەژنت پیرۆز)
نەورۆز: (نەورۆزت پیرۆز)
زەماوەند: (بەختەوەربن)
سەری ساڵ: (ساڵی نوێت پیرۆز)
– پەیوەست بە پێگەی کارگێڕی: وەزیر: (بەڕێزوەزیر، جەنابی وەزیر)
سەرۆک: (بەڕێز سەرۆک)
– پەیوەست بە دۆخی دەروونی: خەمباری: (خەمت نەبێت، خوا سەبرت بدات)
خۆشی: (چاوت ڕۆن، پیرۆزە)
نەخۆشی: (خوا شیفات بدات)

کەواتە واتای شێوازی ئەو ڕەنگ و بۆنە کۆمەڵایەتییەیە کە وشەکان لە چوارچێوەی بەکارهێنانیاندا هەڵیدەگرن. ئەم واتایە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئاخاوتنەکە فەرمییە یان نافەرمی، ئەدەبییە یان زانستی، و بەم شێوەیە ناسنامەی کۆمەڵایەتی قسەکەر دەردەخات.

**١-١-٤ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:**

مەبەست لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو هێڵانەیە کە بۆ پەیوەندیکردن بەکاردێن، ئەمەش لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە ئەنجامدەدرێت، هەندێک سەرچاوە پێی دەڵێن میدیای زانیاری(حمە سەعید، ٢٠١٩: ٦٤).ریتییە لە تەواوی پرۆسەی گواستنەوەی زانیاری لەسەر شێوەی دەنگ و ڕەنگ و چاتەکان (آبوعیشە، ٢٠١٠: ١٠٧). یان بریتییە لەو ئامرازو ئامێرە ماددی و ڕێکخراوانەی لە کۆکردنەوەی زانیاری، ئامادەکردن، بەرهەمهێنان، گەنجکردن، گەڕانەوە، بڵاوبوونەوە، ئاڵوگۆڕکردن و گەیاندنی بۆ تاک و کۆمەڵگە(یوسف، ٢٠٠٦: ٩). یان بریتین لە کۆمەڵێک ئەپلیکەیشن، کە بەستراونەتەوە بە تۆڕی ئینتەرنێت لەسەر بنەمای لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیاو تەکنەلۆژیا لەسەر وێب بنیاتنراون، ڕێگا دەدەن بە دروستکردنی هەژمارو ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریەکان لە نێوان تاکەکان، هەروەها یارمەتی تاکەکانێش دەدەن بیروڕاکانی خۆیان لەگەڵ یەکتردا ئاڵوگۆڕ بکەن(صادق، ٢٠٢١: ٢٨). ئەم تۆڕانە کۆمەڵێک ئەلکترۆنین، کە لە چوار چێوەی سیستەمەکانی ئینتەرنێتدا ڕێگا بە بەکاربەرانی دەدات لاپەڕەی کەسی دروست بکەن و بشتوانن نیشانی بدەن، جگە لەمەش خزمەتگوزاریەکانی گۆڕینەوەی زانیاری لە نێوان بەکاربەرانی پێگەکاندا ڕەخساندووە(المقدادی، ٢٠١٣: ٢٤). تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک لەناوەکەی ئاماژەی پێدراوە مەبەستی بنەڕەتی لێی گرێدان و بەستنەوەی خەڵکی ناسراوە بەیەکەوە لە نێو تۆڕێکی ئۆنلاینیدا، ئامانجی ئەم تۆڕە بەستنەوەی خەڵکە بۆ پەیوەندیکردن (کاکە شێخ، ٢٠١٥: ٢٦).

پەیوەندی نێوان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و میدیای نوێ زۆر بەهێزو تێکەڵاوە، هەردووکیان بە تەواوکەری یەکتر دادەنرێن، چونکە پەیوەندییەکەیان بەیەکەوە بەستراوەو یەکتری بەهێز دەکەن، گرنگترین پەیوەندییەکانیان ، وەک:

١-تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پلاتفۆرمێکن بۆ بڵاوکردنەوەی ناوەرۆکی میدیای نوێ.

٢ - میدیای نوێ وەکو سەرچاوەیەکی ناوەرۆکە بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

٣- ناوەرۆکی میدیای نوێ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو دەکرێتەوە.

٤- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکن بۆ بەرفراوانبوونی بینەرانی میدیای نوێ.

٥- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئامرازێکی گرنگن بۆ بازارکردنی میدیای نوێ.

٦- هەردووکیان کاریگەرن بۆ باشترکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

٧- دروستکردنی بازاڕی ئۆنلاین.

٨- کاریگەرن بۆ گۆڕینی شێوازی بیرکردنەوەوڕەفتاری کۆمەڵگا.

٩- هۆیەکی گرنگن بۆ گەشەکردنی تەکنەلۆژیای سەردەم.

١٠- میدیای نوێ هۆیێکە بۆ زیادبوونی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

١١- هەردووکیان بەیەکەوە مۆدیلی بازرگانی نوێ دروست دەکەن.

١٢- دروستبوونی شێوازی نوێی پەیوەندی.

ئەم پەیوەندییانە وای کردوە هەردوو بوارەکە ببنە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک وکاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگەدا هەبێت.

**١-٤-١ پەیج و گرووپی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان:**

**پەیج:** ریتییە لە پرۆفایلی گشتی لەلایەن بازرگانەکان، ڕێکخراوەکان، کەسایەتییە ناودارەکان، دەزگا میدیاییەکان، یان هەر کەسێک دروست دەکرێت، کە هەوڵی ناساندنی خۆی دەدات بە ئاشکرا لەڕێی سۆشیال میدیاوە. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک لاپەڕەکانی پرۆفایلی کەسی کار دەکەن، تەنها ئەوە نەبێت کە لە بری هاوڕێ یان هەوادارایان هەیە ، کەدەتوانن لایک و فۆلۆوی پەیجەکە بکەن. ئەم پەیجانە بەشێوەی ئۆنلاین بەئاشکرا دەبینرێن وبەپێی جۆری پەیجەکە نوێبوونەوە ڕووداو وێنەو ڤیدیۆ بۆ هەوادارانیان ئەنجام دەدەن(رحمان، حمید، ٢٠٢٣: ٢٨٦).

**گرووپی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:** ریتییە لە کۆمەڵێک کەس کە لە ڕێگەی پلاتفۆڕمە کۆمەڵایەتییەکانەوە پێکەوە کۆ دەبنەوەو پەیوەندی دەکەن، ئەم گروپانە هەندێک تایبەتمەندییان هەیە، وەک:

١-لەگەڵ یەک کارکردن و یارمەتیدانی یەکتر.

٢-ڕاوێژو گفتوگۆ لەگەڵ یەکتر لەسەر بابەتە هاوبەشەکاندا.
٣-بابەت ودەنگ و باسەکان لە نێوان ئەندامەکان هاوبەشە.
٤-پێکهێنانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی تازە.

ئەم گروپانە لە زۆربەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هەن، وەک:فەیسبووک، تێلیگرام، واتساپ، و ئینستاگرام، هەر گروپێک دەکرێ تایبەت بێت بەبابەتێکی دیاریکراوەوە، وەک: کاروپیشە، هونەر و ئەدەب، گەشتوگوزار، خوێندن و فێربوون، وەرزش و تەندروستی.
دەکرێ گروپەکان گشتی بن یان تایبەتی، لەگروپە گشتییەکان هەموو کەس دەتوانێ بەشداربێت، بەڵام لە تایبەتەکاندا پێویستی بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرە بۆ وەرگرتنی ئەندامی تازە.

### ١-٤-٢ تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک

#### ١-٤-٢-١ فەیسبووک:

یەکێکە لە تۆڕەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی، کە بەکارهێنەرانی دەتوانن پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا ببەستن بۆ مەبەستی پەیوەندیکردن و کات بەسەربردن لەگەڵ یەکدیدا، کۆمەڵێک خزمەتگوزاری تێدا دابین کراوە، بەکارهێنەرانیشی دەتوانن لە ڕێگای نوسین و دەنگەوە پەیوەندی بکەن وزانیاری ئاڵوگۆڕ بکەن(رحمان، حمید، ٢٠٢٣: ٢٧٥). بەهۆی زۆری بەکارهێنەرانی ئەم تۆڕە، وایکردووە ببێتە پێشەنگی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بۆیە دەزگا میدیاییەکان بە زۆری سوود لە فەیسبووک و پەیجی فەیسبووک وەردەگرن بۆ گەیاندنی پەیام و زیاتر بڵاوبوونەوەیان (سەرچاوەی پێشوو، ٢٧٢). سەبارەت بە بیرۆکەی فەیسبووک سەرەتا لە تۆڕێکی کۆمەڵایەتی دەستپێدەکات، بەڵام دواتر تەنها لە چوارچێوەی تۆڕێکی کۆمەڵایەتیدا نامێنێتەوەو دەبێت بە کۆمپانیای فەیسبووک، چەندین ئەپلیکەیشن و تەکنەلۆجیای جۆراوجۆر لە خۆی کۆدەکاتەوەو دەبێتە خاوەنییان، لەدوایین گۆڕانکاریشدا گۆڕینی ناویەتی لە فەیسبووکەوە بۆ میتا(سەرچاوەی پێشوو: ٢٨٢).
لە ساڵی (٢٠٠٤) دا قوتابییەک بە ناوی (مارک زوکربێرگ) لە زانکۆی هارڤارد تۆڕێکی کۆمەڵایەتی بە ناوی فەیسبووک دروستکرد(العفیلی، ٢٠١٧: ٣٣)، فراوانترین تۆڕی کۆمەڵایەتییە لە سەرانسەری جیهاندا، بەشداربووانی ئەم تۆڕە هەموو کەسێک و لە هەموو شوێنێکن، لە ڕێگەی ئەو تۆڕەوە وێنە و نوسین و ڤیدیۆ و گفتوگۆی نێوان هاوڕێیان ئاڵوگۆڕ دەکرێن ڕادەربڕین و دەستخۆشیکردن ئەنجام دەدرێت.
لە نێو پێگە کۆمەڵایەتییەکاندا فەیسبووک، خاوەن پێگە و مێژوویەکی تایبەت بە خۆیەتی، تۆڕێکی کۆمەڵایەتییە و کاریگەری گەورەی لەناو جەماوەردا هەیە، لە ساڵی(٢٠١٨ )دا نزیکەی ٢ ملیارو ١٧ ملیۆن بەکارهێنەری هەبوو، لە ساڵی(٢٠٢٠ )دا ژمارەی بەکارهێنەرانی ٣ملیار بەکارهێنەری تێپەڕاند، بە جۆرێک ڕۆژانە لە نێو سێ بەکارهێنەری تۆڕی کۆمەڵایەتیدا، بەتایبەت گەنجان دوانیان بەکارهێنەری فەیسبووکن(حمە سەعید، ٢٠١٩: ٧٨).
هەروەها بەشێکی تایبەت لە نێو فەیسبووکدا هەیە، بە ناوی ماسنجەر فەیسبووک(Messenger face book) ئەم ئەپە لە ساڵی(٢٠١١ )دا دامەزراوە، لە ساڵی (٢٠١٤)دا باشترین بەرنامەی خزمەتگوزاری ئاڵوگۆڕکردنی نامەکان (ئەپلیکەیشنی چاتەکان)هەڵبژێردرا، ماسنجەر خزمەتگوزاری نامە ناردنە، لە لایەن کۆمپانیای فەیسبووکەوە سەرپەرشتی دەکرێت(صادق، ٢٠٢١:٥٠). ئەویش دوو بوار دەگرێتەوە؛ شێوە زمانی نوسین و شێوە زمانی ئاخاوتن. زمانی ئاخاوتن زیاتر خۆی لە دەنگ و ڕەنگ و نامەی دەنگیدا دەبینێتەوە، بەڵام شێوە زمانی نوسین زیاتر خۆی لە بواری چاتی نوسیندا دەبینێتەوە، کە لەم سەردەمەی ئێمەو کۆمەڵی ئێمە زیاتر شێوە زمانی نوسین لە چاتی فەیسبووکدا بەکاردێنێت. بۆیە ئەم زاراوەیەش وەک هەر زاراوەیێکی دیکەی بواری تەکنەلۆژیا هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە. لە بنەڕەتدا زاراوەی (چات-chat) بە واتای گفتوگۆی هاوڕێیانەی نافەرمییە لە نێوان تاکەکاندا لە میانەی بەکارهێنانی ئەنتەرنێتدا.(حوسێن، ٢٠٢١: ١٦٧). لە ساڵی (٢٠١٧)دا، توانی هاوشێوەی ئەپەکانی تر (Story) زیاد بکات، ئەم ئەپە سەربەخۆیە دەتوانرێت بە شێوەیەکی سەر بەخۆ بەکار بێت، بەبێ ئەوەی خاوەنی ئەکاونتی فەیسبووک بێت، بەکارهێنەرانی ئەم ئەپە دەتوانن نامەو وێنەو ڤیدیۆ لەنێوان خۆیاندا بگۆڕنەوە(صادق، ٢٠٢١: ٥٠)

**١-٤-٢-١-١ تایبەتمەندییەکانی میدیای دیجیتاڵی:**

فەیسبوک وەک میدیایەکی دیجیتاڵی، تایبەتمەندییەکانی هەیە کە کاریگەری لەسەر شێوازی زمان دەکات:

1- سنووری کارەکتەر: ئەگەرچی فەیسبووک سنووری دیاریکراوی بۆ درێژی کۆمێنت دانانێت، بەڵام بەکارهێنەران زۆرجار بە شێوەیەکی کورت و پوخت دەنوسن.

2- بەکارهێنانی ئیمۆجی و هێما: ئەمانە بوونەتە بەشێکی بنەڕەتی لە دەربڕین و کاریگەریان لەسەر واتاکەیان هەیە.

3- خێرایی وەڵامدانەوە: سروشتی فۆری راگەیاندنی دیجیتاڵی کاریگەری لەسەر شێوازی نووسین هەیە.

4- چەند دەنگی: بەهۆی ئەوەی زۆر کەس لە هەمان کاتدا دەتوانن بەشداری بکەن، شێوازی زمان بۆ راکێشانی سەرنج گرنگ دەبێت.

واتە بە شێوەیەکی گشتی، فەیسبووک تۆرێکی کۆمەڵایەتیی ئۆنلاینە، کە لە ساڵی ٢٠٠٤ لە لایەن (مارک زوکربێرگ) وە دامەزراوە و خاوەندارێتییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمپانییای میتا، ئەم پلاتفۆرمە ڕێگە بە بەکارهێنەرانی دەدات پرۆفایلی کەسی دروست بکەن، پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێ و خێزاندا ببەستن و ناوەرۆکی جۆراوجۆر وەک نووسین، وێنە، و ڤیدیۆ بڵاو بکەنەوە. هەروەها کارلێک لەگەڵ بڵاوکراوەکانی کەسانی تردا بکەن لە ڕێگەی لایک، کۆمێنت، و هاوبەشیکردنەوە. فەیسبووک لە تەنها پلاتفۆڕمێکی کەسییەوە گۆڕاوە بۆ گۆڕەپانێکی فراوانی جیهانی بۆ گەیاندنی هەواڵ، بازرگانی، و چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

**- بەشی دووەم: واتای شێوازی کۆمێنتەکان:**

مەبەست لە واتای شێوازی کۆمێنتەکان شێوازی قسەکردنی ڕۆژانەی خەڵکە لە بۆنە گشتی و کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاند،ا نەک لە ئەدەبدا. واتە شێواز توانای هەڵبژاردن و چۆنییەتی بەکارهێنانی کەرستە زمانییە دیاریکراوەکانە، بۆ دەربڕینی هەڵوێستێکی دیاریکراو.(ئەحمەد، ٢٠٠٢: ١٨). واتە لەم چوارچێوەیەدا، واتای شێوازی ئەو ناسنامە کۆمەڵایەتییەی کە لە شێوازی نووسینی کۆمێنتدا ڕەنگ دەداتەوە. کاتێک کەسێک کۆمێنتێک دەنووسێت، بە بێ ئەوەی ئاگاداریش بێت، زانیاری دەربارەی پاشخانی کۆمەڵایەتی خۆی وەک: (ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندەواری، هتد.) ئاشکرا دەکات. لێرەدا بە پێی ئەم خاڵانە ڕوونی دەکەینەوە:

**٢-١ بە پێی ڕەگەز:**

شێوازی ئاخاوتنی ژنان و پیاوان تا ڕادەیەک جیاوازییان هەیە و زۆر دەربڕین هەن تایبەتن بە ڕەگەزێک، کە ڕەگەزەکەی تر بەکاری ناهێنێ، یان گەر بەکاری بهێنێ کۆمەڵ لێی وەرناگرێ، زۆر جار دەگوترێ (فلان پیاو ژنانەیە)یان (ئەو ژنە دەڵێی پیاوە قسەکردنی لە ژن ناچێت(شەمس، ٢٠٠٦: ٤٢). جیاوازی نێوان دەربڕینەکانی ژنان و پیاوان بە لە یەکدابڕان و بەندکردنی ژن لە ژوورەوە زیاتر دەبێت. بە پێچەوانەشەوە تاوەکو زیاتر ئازادی ژن دەستەبەر بکرێت و بواری کرانەوەو کارکردنی لەگەڵ پیاودا بۆ برەخسێت، جیاوازییەکان کەمتر دەبنەوە (خرما، ١٩٧٨: ٢٣٤). جیاوازی شێوازی ئاخاوتنی ژن و پیاو لە هەڵبژاردن و بەکارهێنانی دەربڕینەکاندایە، کە هەریەکەیان هەندێ دەربڕین بەکاردێنن ئەویتر بەکاری ناهێنێ و هەندێ لە دەربڕینەکان تایبەتمەندییان وەرگرتووە.(شەمس، ٢٠٠٦: ٤٢).

شێوازی قسەکردن یان کۆمێنتکردن، دەکرێت جیاوازی هەبێت لە نێوان ڕەگەزە جیاوازەکاندا، هەرچەندە ئەمە بەتەواوی گشتگیر نییە و هەمیشە ئاڵۆزیی و جیاوازییە تاکە کەسییەکان بەرچاون. بەپێی توێژینەوەکان ژنان زیاتر مەیلیان هەیە بۆ بەکارهێنانی زمانی ناسک و سۆزدار یان پرسیارکردن و پشتڕاستکردنەوە، یاخود زیاتر بەکارهێنانی وشەی ببورن، هەروەها زیاتر بایەخدان بە ڕێزمان و ڕێنووس. بەڵام بە پێچەوانەوە پیاوان کەمتر وشەی ناسک بەکار دەهێنن و قسەکانیان ڕاستەوخۆترن و کەمتر داوای بۆچوونی کەسانی تر دەکەن وزیاتر فەرمان دەدەن لە ڕستەکاندا.

هەرچەندە گرنگە تێبینی ئەوە بکەین، کە جیاوازی لە نێوان تاکەکاندا زۆر گەورەترن لە جیاوازییەکانی نێوان ڕەگەزەکان، زۆر کەس هەیە شێوازی تایبەت بە خۆی هەیەو پەیوەندی بە ڕەگەزەوە نییە.

نمونەی شێوازی کۆمێنت کردن کە زیاتر لای ژنان باوە:

- ببورە، بەڵام پێم وایە باشترە بەشێوازیکی تر بابەتەکە دابڕێژین.

- سوپاس بۆ بیرۆکەکەت ، ڕەنگە بتوانین بەم شێوەیەش بیکەین ئەگەر پێت باشە؟
- هەست ناکەیت ئەم بابەتە کەمێک هەستیارە بۆ باسکردن لێرە؟
- زۆر جوان بوو. چەند بیرۆکەیێکی سەرەنجڕاکێشم هەیە بۆ زیاد کردن ئەگەر حەز بکەیت؟
- ئەم شێوازانە خەسڵەتی گشتییان تێدایە:

ا- پشتگیری و هاندان پاڵپشتی و هاوسۆزی زیاترە.
ب- هەستیارتر و سۆزدارترە.
ج- سوپاسگوزاری و پێزانین زیاترە.
د- پرسیاری زیاتر و دیالۆگی کراوەتر و زیاتر وردەکاری وباری کەسییە.
ە- ناسکی زیاترە لە ڕەخنەگرتن.
و- پێشنیاری وردترو پراکتیکیتر.
نمونەی شێوازی کۆمێنت کردن کە زیاتر لای پیاوان باوە:
- "...ئەمە هەڵەیە ڕێگای ڕاست ئەمەیە"
- ئەم کارە بکەو کێشەکە چارەسەر دەبێت.
- ڕاستەوخۆ بڵێم، ئەم بیرۆکەیە کاریگەر نییە.
- بابچینە سەر بابەتەکەو کات بە فیڕۆ نەدەین.

ئەم شێوازانە خەسڵەتی گشتییان تێدایە:
ا- ڕاستەوخۆیی و کورتی
ب- زانیاری ڕاست و تەکنیکی بوون
ج- کەمتر بەکارهێنانی ئیمۆجی
د- ڕەخنەگرتنی ڕاستەوخۆ
ە- کەمتر بەکارهێنانی وشەی "ببورە، تکایە"
و- جەخت کردنەوە لەسەر ڕێنمایی و چارەسەر وخۆسەلماندن.
ی- بۆچوونی خۆیان و ڕەخنەی ڕاشکاو وەک ڕاستییەک پێشکەش دەکەن.
ئەم تایبەتمەندییانە بە گشتی دەرکەوتوون، بەڵام بێگومان هەموو کەسێک وەک یەک نییە و کەسایەتی تاکەکەسی، پەروەردە، پیشە، فاکتەری کۆمەڵایەتی کاریگەری گەورەیان لەسەر شێوازی کۆمێنتکردنی هەر کەسێک هەیە.

**٢-٢ بە پێی تەمەن:**

منداڵ شێوازی دەربڕینی تایبەتی هەیە و ژنان بە هەمان شێوە، هەروەها بەساڵاچووانیش.(صلاح فضل، ١٩٩٢: ٢٢).گەر سەرەنجی شێوازی ئاخاوتنی کەسێکی تەمەن (٧٠ ساڵ بەرەو ژوور) بدرێت بە تایبەت نەخوێندەوارەکان، هەندێ زاراوەو دەربڕین دەبیسترێ، کە لەلای گەنجێکی تەمەن (٣٠) ساڵی نابیستریتەوە، واتە بەشێوازێکی جیاواز ئاخاوتن دەکەن. زۆر جار لە ستایشی کەسێکدا دەوترێ، لەگەڵ پیراندا پیرەو لەگەڵ گەنجاندا گەنجەو لەگەڵ منداڵیش منداڵە(شەمس، ٢٠٠٦: ٤٢).

شێوازی کۆمێنتەکان و شێوازی دەربڕینی خەڵکی لە میدیای کۆمەڵایەتی و ئینتەرنێت بە گشتی جیاوازی هەیە، بە پێی تەمەنی مرۆڤ، وەک:-

١- کۆمێنتەکانی تەمەنی گەنج (١٠- ٣٠):
کۆمێنتەکانی تەمەنی گەنج لەمیدیا کۆمەڵایەتییەکان هەندێک تایبەتمەندی هەیە:-
ا- تەنز و گاڵتەی توندو دووبارەکردنەوەی پێت.
ب- زمانی نافەرمی و داهێنراو.

ج- ئیمۆجی و ڕەمزی هەستەوەری زۆر.
د- کورت و خێرا، زۆر کات بێ پەیوەندی ڕێزمانی دروست.
ە- بەکارهێنانی کورتکراوەی زۆر و تێکەڵکردنی زمانی جیاواز و هاشتاگ.
بۆ نموونە: ئۆف، وای خوایە، زۆر خەتەرە، فول ڕاستە.

زۆرداوای دەکەم Sorry

بمرم بۆو.

سڵاااااو زۆۆر خۆۆۆشە

٢- کۆمێنتەکانی تەمەنی کاملبووان(پێگەیشتووان)(٣٠ ساڵ بەسەرەوە)
بۆ تەمەنی کاملبووان و پێگەیشتووان بە گشتی شێوازی نووسین و دەربڕین جیاوازە لە گەنجان. ئەمانە چەند نموونەیەکن لە شێوازو دەربڕینی کەسانی پێگەیشتوو:
ا- بەکارهێنانی زمانی ستاندارد و فەرمیتر: سوپاس بۆ هاوکاریتان، زۆر ئەرکتان کێشا. ( بە بێ کورت کردنەوە)
ب- بەکارهێنانی کەمتری ئیمۆجی: زۆر کات تەنها یەک ئیمۆجی بەکاردەهێنن یان هیچ بەکارناهێنن.
ج- ڕستەی تەواوو ڕێزمانی دروست: بە سوپاسەوە ئاگادارم کردیتەوە لەم بابەتە. بە زووترین کات وەڵامت دەدەمەوە.
ح- بەکارهێنانی دەستەواژەو پەندی نەریتی: بەڵێ، وەک گوتەنی: بەرد لە جێی خۆی سەنگینە.
خ- کەمتر تێکەڵکردنی زمانەکان: زۆربەی کات پشت بە یەک زمان دەبەستن بۆ دەربڕین.
د- سەرنج دان لەسەر خاڵبەندی و ڕێنووس: بەشداریم کرد لە کۆڕەکەدا، بابەتەکان سوود بەخش بوون.
ر- ئاماژەدان بە سەرچاوەو بەڵگە: بە پێی زانیارییەکانی سایتی فەرمی، گشت فەرمانبەران سوود بەخش دەبن.
ز- کەمتر لە مۆدەکان دەکەونە دواوە: ماوەیەکە ئەم وشەیە زۆر باوە، بەڵام پێموایە مانای ڕاستەقینەی شێواوە.
س- بەکارهێنانی زاراوەی پیشەیی بۆ بابەتە جددییەکان: لەم بارەدا پێویستە ڕەچاوی خاڵە یاساییەکان بکرێت.
٣- کۆمێنتەکانی تەمەنی بە ساڵاچووان(بە گشتی ٦٠ ساڵ بەسەرەوە)
بۆ تەمەنی بە ساڵاچووان شێوازی نووسین و دەربڕین تایبەتمەندی خۆی هەیە. ئەمانە چەند نموونەیەکن لە شێوازی نووسین و کۆمێنتی بەساڵاچوواندا:
ا- بەکارهێنانی وشەو دەستەواژەی کلاسیکی کۆن: وەک(حەیاتم، ماشاڵڵا، خوا ئاگادارتان) بێت.
ب- بەکارهێنانی پەند و قسەی پێشینان: وەک، پێشینان گووتویانە (ئاوی سارد لە گەنجێتی، نانی گەرم لە پیری)
ت- کەمتر بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا: ئەم پەیامەم بۆ بنێرە، نازانم چۆن ئەم شتە بەکار بهێنم.
ج- گوزارشتی هەستیارانە و خۆشەویستی: وەک(قوربانت بم، دایکت بمرێ، زوا دەست بە باڵتەوە بگرێ).
ح- بەکارهێنانی نازناو و ناوی خۆشەویستی: وەک(رۆڵەگیان، کوڕەکەم، خوشکەکەم)
خ- پرسیاری دووبارە لەسەر تەندروستی و بارودۆخ: وەک(باشیت ڕۆڵە، باشن هەمووتان، ئاگاداری خۆتان بن.)
د- بەراوردی نێوان نەوەکان: نەوەی ئێستا نازانن ئێمە چۆن ژیاوین، ژیانی ئێوە زۆر ساناترە.
ر- بەکارهێنانی ڕستەی درێژو وردەکاری زۆر لە گێڕانەوە:بۆ نمونە ( ئەمڕۆ کەشەکە ساردە، پێویستە خۆتان داپۆشن، هەفتەی ڕابردوو بە هەمان شێوە کەشەکە ساردبوو، چووم بۆ بازاڕ، جلی گەرمم لەبەر نەکرد، نەخۆش کەوتم.
ز- ئاماژەدان بە بابەتی ئایینی: وەک(خودا پشتیوانتان بێت، بە ئیزنی خوا سەرکەوتوو دەبیت.)
ئەم شێوازانە دەربڕی ئەزموونی ژیان و ڕابردوو و هەستی بەرپرسیارییێتی بەرامبەر بە نەوەی نوێیە، ئەمانە گشتگیرنین و بە پێی کەسایەتی، خوێندەواری، پێشینەی کولتووری کەسەکان دەگۆڕێن.

**٢-٣ بەپێی دیالێکت:**

شێوازی دەربڕین و کۆمێنتکردن بە پێی دیالێکتەکان جیاوازیان هەیە، تایبەتمەندی گرنگی دیالێکتەکان تەنها لە وشەکاندا نییە، بەڵکو لە دەنگسازی، ڕێزمان، ڕیتمی قسەکردنیشدایە، هەر دیالێکتێک هەڵگری کولتوور و مێژووی ناوچەکەی خۆیەتی، ئەمانە چەند نموونەیەکن لە دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی:

ا- دیالێکتی سۆرانی:
- ئەمڕۆ دەچمە بازاڕ بۆ کڕینی پێداویستییەکان.
- زۆر سوپاس بۆ هاوکارییەکەت.

ب- دیالێکتی بادینی(کرمانجی باکوور)
- ئەز دێ ئەڤڕۆ چمە باژێرێ بۆ کڕینا تشتان.
- گەلەک سپاس بۆ هاریکارییا تە.

ت- دیالێکتی هەورامی:
- ئەمرۆ مە شۆ بە بازاڕی پە هاوردی پێویستییەکان.
- فرە سپاس پە یاوەرییەکەت.

ج- دیالێکتی سلێمانی:
- ئیمڕۆ ئەچمە بازاڕ بۆ کڕینی شتومەک.
- زۆر مەمنوونم بۆ هاوکارییەکەت.

ح- دیالێکتی گەرمیانی:
- ئەمڕۆ ئەچمە بازاڕ بۆ کڕینی کەلوپەل.
- دەستخۆش بۆ هاوکارییەکەت.

خ- دیالێکتی موکریانی:
- ئەمرۆ دەچمە بازاڕ بۆ کڕینی کەلوپەل.
- زۆر سپاس بۆ یارمەتییەکەت.

**٢-٤ بە پێی پیشە:**

هەندێ دەربڕین لە زماندا هەن، کە تایبەتن بە چینێک یان توێژێکی دیاریکراو لەناو کۆمەڵدا، ئەم دەربڕینانە لای چینێکی تری هەمان کۆمەڵ نابیسترێنەوە. بۆ نموونە هەندێک دەربڕینی وەک(لانس مردن، فیتبەمپ، کلاج، خایس) کە لای فیتەرەکان دەیانبیستین، هیچ کاتێک لای مامۆستاو پزیشک وئەندازیار لە پیشەکەیاندا بەکاری ناهێنن، یاخودزاراوە و دەربڕینی دادگاو یاساناسەکان زۆر جیاوازن لە دەربڕینی کرێکارو جوتیاراندا، بەهەمان شێوە دەربڕینەکانی وەرزشوانان جیاوازن لە هی دوکاندارەکان، هەر چین و توێژێک بەگوێرەی گونجان و بەرژەوەندی خۆی بە جیاوازی بیرو باوەرو پیشەو باری کۆمەڵایەتی و ئابوری زمان بەکاردەهێنێت جگە لە کاریگەری سنوری جوگرافی و جیاوازی لەڕادەی رۆشەنبیری و باری پەروەردەو خێزان و جۆری بیرکردنەوەو دابونەریت و حەزی کەسی (شەمس، ٢٠٠٦: ٥٩). هەر پیشەیەک شێوازی دەربڕینی تایبەت بە خۆی هەیە، کە زۆر جار بۆ کەسانی دەرەوەی پیشەکە تێگەیشتنی ئەستەمە، ئەم شێوازانەش لە ئەنجامی خوێندن، ڕاهێنان، ئەزموونی کار لە پیشەکەدا پەرە دەسەنن. ئەمانە چەند نموونەیەکن لە شێوازی نوسینی کۆمێنت بە پێی پیشە جیاوازەکان:

ا- مامۆستا / پەروەردەکار
- بابەتەکە بە شێوەیەکی پلە بە پلە ڕوونکراوەتەوە، بەڵام پێویستە زیاتر نموونەی بۆ زیاد بکرێت.
- پێویستە قوتابییان زیاتر ڕاهێنان بکەن و چالاکی جۆراوجۆر ئەنجام بدەن.

ب- پزیشک /کارمەندی تەندروستی
- بڕی دەرمانەکە ٤ میلیگرام، سێ جار لە ڕۆژێکدا دوای نانخواردن بخۆ.

- ڕەوشی نەخۆشەکە ناجێگیرە، پێویستی بە چاودێری چڕە.

ت- ئەندازیار:

ئەندازیاری کارەبا:

- پڕۆسەی گواستنەوەی کارەبا بە ڤۆڵتێتی بەرز.

ئەندازیاری بیناسازی:

- پێوەری پێکهاتەی پڕۆژەکە دەبێت بە پێی ستانداردی کۆدی بیناسازی ٢٠٢٠ بێت.

ج- پارێزەر / یاساناس:

- داواکارییەکە پێویستە لەماوەی ١٥ ڕۆژدا پێشکەش بکرێت، ئەگینا مافی تانەت نامێنێت.

- بە پێی مادەی ٤٠٦ ی یاسای سزادانی عیراقی، سزای لە سێدارەدانی بەسەردا دەسەپێنرێت.

ح- جووتیار:

- ئەمساڵ باران کەم باری، بەروبومی دانەوێڵە بەرهەمی کەم دەبێت.

- زەوییەکە پێویستی بە پیتاندنە، ژمارەی نیترۆجینی کەمە.

خ- ڕۆژنامەنووس:

- سەرچاوەیەک لە وەزارەتی دارایی ڕایگەیاند، کە بەیانی موچە دابەش دەکرێت.

- بە پێی ڕاپۆرتەکە کە بۆ شیکاری میدیایی ئامادەکراوە ڕێژەی بینەران بەراورد بە ساڵی پێشوو زیادی کردووە.

### ٢-٥ بە پێی ئاستی کۆمەڵایەتی:

شێوازی نووسین و دەربڕین جیاوازییان هەیە، ئەم شێوازانە بەپێی دەربڕی ئەزموون، داهات، پێشینەی کولتووری و پێگەی کۆمەڵایەتی کەسەکانن، چینەکانی (سەرەوە، ناوەڕاست، خوارەوە) گرنگی خۆیان هەیە لە شێوازی ئاخاوتندا. بۆ نموونە کاتێک کەسێک لە فەرمانبەرێکی ئاسایی دەبێتە بەڕێوەبەرێکی گشتی، کاروبار و گوزەران و ژیانی دەگۆڕێت، دەبینین شێوازی ئاخاوتنیشی دەگۆڕێت، یان کەسێک لە لادێوە دەچێتە شار دەبینین دوای ماوەیەک دەربڕینەکانی دەگۆڕێن(شەمس، ٢٠٠٦: ٤٣).

هەر چین و توێژێکی کۆمەڵ شێوازی ئاخاوتنی تایبەت بەخۆیان هەیەو دەیپارێزن(فضل، ١٩٩٢: ٢٢). بۆ نموونە شێوازی ئاخاوتنی مامۆستای ئایینی، دادوەر، پۆلیس، نەخوێندەوار، پزیشک. بەرزی ونزمی پلەو پایەی کۆمەڵایەتی لە پلەکانی ئاخاوتندا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت(شەمس، ٢٠٠٦: ٤٤). بە گشتی ئەمانە گشتگیر نین و کەسێک دەتوانێت شێوازی نووسین و دەربڕینی تایبەت بە خۆی هەبێت، سەرەڕای پێگەی کۆمەڵایەتییەوە، ئەمانە چەند نموونەیەکن لە شێوازی نووسین و کۆمێنتی چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان:

ا- چینی باڵا / بەڕێوەبەر و بەرپرسانی باڵا

- بەپشتیوانی ڕاوێژکارانی یاسایی و تەکنیکی، بڕیارماندا پڕۆژەی نوێ دەست پێ بکەین.

- ئەم ڕاپۆرتە نیشاندەری بەرەو پێشچوونێکی بەرچاوە لە بەڕێوەبردنی کارەکانماندا.

ب- خانەدان / چینی دەوڵەمەند و دەست ڕۆیشتوو.

- میوانداری هاوینەمان ئەم جارە لە ڤێلاکەمان لە دوبەی دەبێت.

- بۆ کاتی هاتنمان بۆ کۆنسێرتەکە شوفێری تایبەت پێویستە.

ت- چینی ناوەند:

- ئەم مانگە خەرجیمان زۆرە، دەبێت هەندێک خەرجی کەم بکەینەوە.

- گەشتەکەمان نرخی هوتێلەکەی گونجاو بوو.

ج- چینی کەم دەرامەت:
- بە تەنها یەک کار، کرێی خانوو و خەرجیم بۆ دەرناچێت.
- منداڵەکان پێویستییان بە جل و بەرگە، بەڵام ئەم مانگە پارەکەمان بەش ناکات.

ح- گوندنشین:
- ئەمساڵ باران کەم باری، بەروبوومەکەمان کەم بوو.
- ڕێگاو بانەکانمان زۆر خراپە، چەند ساڵە داوا دەکەین چاکی بکەن.

خ- قوتابی:
- سێ ساڵە لەسەر یەک لە پۆلی دوانزە دەرناچم.
- ساڵی داهاتوو کۆتا ساڵمە، ئاهەنگی دەرچوون سازدەکەم.

د- پەنابەر:
- لێرە مافی پەنابەریمان نییە، دوو ساڵە لە کەمپین.
- لێرە کارمان نییە، زمانیش نازانین، ژیانمان سەختە.

**٢-٦ بەپێی ئاستی ڕۆشەنبیری:**

ڕۆشەنبیری و شارستانییەت ئەو دیاردانەن ڕەنگدانەوەو کاریگەرییان لەسەر زماندا هەیە، بە شێوەیەک کە لە دەربڕین و شێوازی ئاخاوتندا ڕادەی ڕۆشەنبیری و پلەی شارستانییەت دەردەکەوێ. گەر توێژینەوە لە پەند و ئیدیەمەکانی هەر کۆمەڵێک بکرێت، ڕادەی ڕۆشەنبیری و شارستانییەتی کۆمەڵەکە ڕوون دەبێتەوە(شەمس، ٢٠٠٦: ٤٣). گەشەی ڕۆشەنبیری تاک دەبێتە هۆی گۆڕانکاری گەورە لە وشە و دەربڕینەکاندا، تەنانەت لە چۆنییەتی گۆکردنی دەنگەکانیشدا کاریگەری خۆی هەیە.(خرما، ١٩٧٨: ٢٢٤، ٢٢٥). هەروەها نیشانەی کاریگەری پەروەردەی فەرمی و نافەرمی لەسەر دەربڕین و شێوازی بیرکردنەوەی کەسەکانە. بێگومان ئەمانەش لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە ستریۆتایپ نین، هەمووکەسێک دەتوانێت شێوازی نووسین و دەربڕینی تایبەت بە خۆی هەبێت، سەرەڕای ئاستی ڕۆشەنبیری، ئەمانە چەند نموونەیەکن لە شێواز و نووسین و کۆمێنتی ئاستە ڕۆشەنبیرییە جیاوازەکان:

ا- ڕۆشەنبیری ئەکادیمی:
ئەم تیۆرە بە پێی ناوەرۆکی ئیپستمۆلۆژی، ڕەهەندی پراگماتیکی هەیە، کە لە کۆنتێکستی کۆمەڵگەی پۆست مۆدێرندا دەبێت شی بکرێتەوە.
- لە میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکەمدا سوودم لە هەردوو ڕێبازی کوالیتەتیڤ و کوانیتەتیڤ وەرگرتووە.

ب- ڕۆشەنبیری ئەدەبی:
- ئەم ڕۆمانە میتافۆڕێکی قووڵە بۆ هەوڵدانی مرۆڤ لە بەرامبەر چارەنووس.
- لە تابلۆکانی ئەم هونەرمەندەدا ئێکسپرێشنیزمی ئەبستراکت تێکەڵ بووە بە ڕەمزگەرایی کەلتووری.

ج- ڕۆشەنبیری ناوەنجی:
- ئەم کتێبە دیدگایەکی نوێی پێش کە پێشتر کەمتر باسی لێوە کراوە، بە تایبەت لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە.
- ئەم گۆرانییە ناوەرۆکێکی سیاسی هەیە، کە ئاماژە بە کێشەکانی کوردستانی باکور دەکات.

ح- ڕۆشەنبیری گشتی:
- ئەم چیرۆکە زۆر خۆش بوو، زۆر پێکەنیم و کاتێکی خۆشم بەسەر برد.

– ئەم ڕۆمانە باسی ژیانی کەسێکی هەژارە، زۆر کاریگەری لەسەرم هەبوو.

خ- نیمچە خوێندەوار:
– خۆزگە ئێمەش ژیانمان خۆش دەبوو، ئێمە هیچمان نییە.
– پیاوەکەم پێ باش بوو، قسەکانی ڕاست بوون.

د- نەخوێندەوار:
– ئەوان هیچیان نەکرد بۆمان، هەموو قسەکانیان درۆ بوون.

– ئەوشتە باشە، بەڵام من سەری لێ دەرناکەم.

## ٣- شرۆڤەکردنی واتای شێوازی لە کۆمێنتەکانی فەیسبووکدا:

### ٣-١ داتای کۆمێنتی فەیسبووک:

ا- لە١٢/ ٥ /٢٠٢٥ یاری کلاسیکۆی نێوان ریال و بەرشلۆنە، لە کەناڵی(AvA sport) کە بەرشلۆنە یاریەکەی بردەوە، کاتێک شیکەرەوەیەکی وەرزشی لایەنگیری بەرشلۆنە بوو، دەیگوت یەک هاندەری ریال بۆی نییە بەرامبەر بە بەرشلۆنە فزە بکات، ئەم کۆمێنتانەی بۆ نوسرابوو:

**ا- ((دەمت درێژ بێ دەستت کورت ئەبێ، کە خۆت هەڵکێشا گوێت لە جرت ئەبێ.))**

**لە رووی شێوازەوە:** پەندێکی کوردییە بەکارهێنانی دژواتایە بۆ کاریگەری، دەست و گوێ خوازراون، (جرت) دەنگی سوک و ریسوا دەگەیێنێت.

ڕەخنەیەکی کۆمەڵایەتییە لە خۆهەڵکێشان و لوتبەرزی، ئامۆژگارییە کە دەبێت مرۆڤ بەگوێرەی توانای خۆی هەڵس و کەوت بکات ئەگینا شکست و پەشیمانی لە دوایە.

**واتای شێوازی:**

– **بە پێی ڕەگەز:** بە ئەگەرێکی زۆر شێوازێکی ژنانەیە بە هۆی بەکارهێنانی(گوێت لە جرت ئەبێ)کە زیاتر لە زمانی ژناندا بەکار دێت.

– **بە پێی تەمەن:** دەکرێت کەسێکی گەورە بێت، کە بەشێوەی نەریتی فێر بووە قسە بکات.

– **بە پێی پیشە:** لەشێوازی قسەکردنی دەردەکەوێت ئاسایی بێت نەک ئەکادیمی بەرز.

– **بە پێی ئاستی کۆمەڵایەتی:** نیشاندەری کەسێکی شارەزا لەبواری پەند و ئیدیەم و هەروەها شارەزا لە بواری تەکنیک و داهێنان.

– **بە پێی دیالێکت:** کوردستانی باشور (سۆرانی).

**٢- ((ئەڵێی لەسەر تەنوور دانیشتووی ئەو قسە قۆڕانە دەڵێی، ڕاستە ریال ئەمساڵ بە عام خراپ بوو، بەڵام ئەوە ناگەیێنێت خۆ ئاوا باسی کەیت وڕڕڕڕڕ.))**

**لەڕووی شێوازەوە:** شێوازێکی تورەو ڕەخنەگرانەیە، (ئەڵێی لەسەر تەنوور دانیشتووی) بۆ گاڵتە پێکردنە، کۆتاییەکەی(وڕڕڕڕر)نیشانەی زۆر بێزاربوون و تورەییە.

**واتای شێوازی:**

**بە پێی ڕەگەز:** ئاماژەیە بۆ نێرینە، چونکە وشەی (وڕڕڕ) نیشانەی تورەیی و هەستی بەشێوەی پیاوانە.

**بە پێی تەمەن:** وشەی (لەسەر تەنوور)دەربڕینێکی کۆنە زیاتر لە نەوەی گەورە دەبیسترێت، بەڵام دەربڕینی و ڕێنیشاندەری تەمەنی گەنجییە واتە ناڕوونە.

**بە پێی پیشە:** هاندەری وەرزشە و نیشاندەری پیشەی ئاسایی دەدات نەک ئەکادیمی.

**بە پێی ئاستی کۆمەڵایەتی:** لە چینی نزمی کۆمەڵایەتیدایە، چونکە زمانی بێ ڕێزو پڕ لە جنێو بەکار هاتووە. نە فەرمییە و نە خاوەن شارەزایی لە وەرزشدا، بەڵکو نیشاندەری بەشداری کۆمەڵایەتییە.

**بە پێی ئاستی ڕۆشەنبیری:** دەکرێت خوێندەواری ناوەند بێت.

**بە پێی دیالێکت:** کوردستانی باشوور (سۆرانی).

**٣- ((کوڕە کی دوڕپنیت تو پێ ڕاتبێری تو بۆ خۆ ماڵ نی تە عەدما سوشیال میدیایێ ئینا شیکەرەوە کێرێت هونە بۆ لایک و کۆمێنتا تشت نەما نەکەی تە زۆرێ خۆ بێ تام کریێ بارسلۆن کە ئینتر دوڕاند تە پێ ڕابوارد گۆڕانکارییەکێ بکە تە هەتکا خۆ بر.))**

**لە ڕووی شێوازەوە:** زمانێکی زۆر خۆماڵی کۆڵانی، هیچ ڕستەیێک تەواو نییە، کۆما و خاڵ نییە، نەبوونی ناوبەندی (و، یان، بەڵام). ڕاستەوخۆ لە بیرۆکەیەکەوە بۆ یەکێکی تر چووە، بڕین و پەیوەستکردنی خێرا و هێرشی بەردەوام بێ وچان، هەر وشەیێک گولەیێکە و هیچ ڕێگەیێک بۆ بەرگری نادات و وەک قسەکردنێکی ڕاستەوخۆ نوسراوە و هەموو هەناسەدان و وچانەکان حەشاردراون، سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی نییە، مەبەست لێی سەرسامکردن و ڕکابەرایەتییە.

**واتای شێوازی:**

- **بە پێی ڕەگەز:** ئەگەری زۆرە نێر بێت چونکە شێوازی قسەکانی توند و ڕاستەوخۆیە، ئاوەڵناوی توندی بەکارهێناوە.
- **بە پێی تەمەن:** بە ئەگەری زۆر گەنجە لە نێوان(١٥-٣٠)، چونکە زمانی سۆشیال میدیای بەکارهێناوە و نووسینی خێراو کورتکراوەیەوتوندە.
- **بە پێی ئاستی کۆمەڵایەتی:** نزمە و شێوازێکی شەقامانەیە، هاوبەشی بەهێزی وەرزشە و هاندەری ڕیالە، هەستێکی توندی بەکارهێناوە بەرامبەر بە بابەتەکە و وشەکانی زبرە و نەبوونی ئەتەکێتی قسەکردن.
- **بە پێی ڕۆشەنبیری:** نزم تا ناوەند، هەڵەی ڕێنووسی زۆرە و ڕستەسازی ڕێکخراو نییە، نەزانینی ڕێگای مامەڵەی شارستانیانە و بەکارهێنانی هێز و توند و تیژی و ڕابردووی کەم لەنوسین و خوێندنەوە و ژینگەیەک کە زمانی ئەکادیمی بەکارناهێنێت.
- **بە پێی دیالێکت:** کوردی کرمانجی سەروو (بادینی) ە.

**٤- ((کا دە توخوا لە خۆت هەردە.))**

**لە ڕووی شێوازەوە:** شێوازی نافەرمی و قسەی بازاڕ و کۆڵانە و شێوازێکی میللی یە و ڕاستەوخۆ و توندە.

**واتای شێوازی:**

- **بە پێی ڕەگەز:** مێیە، بە ئاکامی ئەوەی (لە خۆت هەردە) زیاتر بەکارهێنانی ژنانەیە، کە شێوازێکی گاڵتەجاری ڕاستەوخۆیە.
- **بە پێی تەمەن:** دەکرێت گەورە بێت یان گەنجێک بێت لە ڕووی نەریتەوە ئەم دەربڕینەی بەکارهێنا بێت.
- **بە پێی پیشە:** کەسێکی ئاسایی دەکرێت نەخوێندەرار بێت.
- **بە پێی ئاستی کۆمەڵایەتی:** لە چینی نزمی کۆمەڵایەتیدایە و کەسێک بێ ڕێز و جنێو فرۆشی ناشیرین ئامادەی دوانی توند و هەروەها شەڕکردن لەسەر تیمەکەی.
- **بە پێی ئاستی ڕۆشەنبیری:** نزمترین ئاست.
- **بە پێی دیالێکتەوە:** کوردستانی باشوور(سۆرانی).

**٥- ((سوک و قەشمەر و مەزەو کۆیلەی پارە و ئەکتیڤ و ڤیو و وە سەلام.))**

**لە ڕووی شێوازەوە:** زمانی توند و تیژ و زبرە، بەکارهێنانی وشەی ناشیرین وەک (کۆیلە، مەزە) هێرشکردنێکی گشتگیرە، هەروەها نەبوونی بەڵگە و ڕێزە لە قسەکانیدا.

**واتای شێوازی:**

- **بە پێی ڕەگەز:** نێرینەیە، بە بەکارهێنانی جنێو و وشەی قوڕس و هێرشکارانە و دڕندانە.
- **بە پێی تەمەن:** گەنجە بە ئاکامی ئەکتیڤ و وشەی ئینگلیزی مۆدێرن و میدیایی و تێکەڵکردنی زمانەکان.
- **بە پێی پیشە:** ناڕوونە بەڵام نیشاندەری ئاشنایەتی بە تەکنەلۆژیا بە بەکارهێنانی وشەی مۆدێرن.
- **بە پێی ئاستی کۆمەڵایەتی:** کەسێکی زۆر تووڕە و بێ کۆنتڕۆڵ و کینەدار و بێ ڕێز.

– **بە پێی ئاستی ڕۆشەنبیری:** زۆر نزم لە ڕووی بەکارهێنانی زمان.
– **بە پێی دیالێکت:** کوردستانی باشوور (سۆرانی).
– **بە پێی دیالێکت:** کوردی(سۆرانی).

**٦– ((باشە بەرشە ئەمساڵ ئەوەندە باش و نایابە چامپیۆنسلیگی ئەمساڵ ئەبات هههههههە تیکەتیت لۆماریٚ لۆماریٚ.))**

**لە ڕووی شێوازەوە:** زمانێکی نارەسمی بەکارهێناوە، تێکەڵبوونی زمانی کوردی لەگەڵ وشەی ئینگلیزی(چامپیۆسلیگ) بەکارهێنانی وشەی دووبارە (لۆماریٚ لۆماریٚ) بۆ گاڵتەپێکردن، نوسینی(هههههە) وەک نیشانەی پێکەنین.

**واتای شێوازی:**

– **لە ڕووی ڕەگەز:** ئەگەری زۆرە نێر بێت، چونکە شێوازی گاڵتەجاری و هێرشکاری و بەکارهێنانی (هههە) بۆ گاڵتە پێکردن.
– **بە پێی تەمەن:** گەنجە، چونکە زمانی سۆشیال میدیایی و بەکارهێنانی شێوازی قسەکردنەکەی نزیکە لە گەنج.
– **بە پێی پیشە:** کەسێکی ئاساییە.
– **بە پێی ئاستی کۆمەڵایەتی:** کەسێکی گاڵتەجارە و ئاسان دەڕوخێت و لە گفتوگۆکردن هاندەری ڕیالە و شارەزایی سادەی هەیە لە وەرزشکردن و خێرایە و بێ بیرکردنەوە هەستی گرو تورەیی هەیە.
– **بە پێی ئاستی ڕۆشەنبیری:** نزم تا ناوەند، چونکە لە ڕستەسازی و نوسین هەڵەی زۆرە و زمانی زۆر خۆماڵییە.
– **بە پێی دیالێکت:** کوردی سۆرانی.

**٧– ((برای من ئیشکردنی پێش ئێستات ئەکادیمی تر بوویت، چونکە تۆ ڕۆژنامەنووسێکی باش و سەرکەوتوویت و جیهانیت، باشتر ئەوەیە بۆ تۆ پیشەگەرانەتر سەیری خۆت کەیت.))**

**لە ڕووی شێوازەوە:** زمانێکی نەرم و ئەکادیمی و بەڕێزەوە قسەدەکات، دەربڕینی (برای من) بۆ هاوسۆزی و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ستایش و ئامۆژگاری دەکات، شێوازی ئامۆژگاریکردنەکەی خۆی لە ئاستێکی بەرزتر دادەنێت، وەک مامۆستا لەگەڵ قوتابی هەڵسوکەوت دەکات، ئەمە نموونەی هەندێ کەسە بەشێوەیەکی پلاندارێژ هەوڵدەدات خەڵکی تر فێر بکات، یەکەمجار ستایشی دەکات پاشان ڕەخنەی لێدەگرێت، لەجیاتی ئەوەی پێی بڵێ تۆ هەڵەت کردووە، پیشەگەرانەتر سەیری خۆت بکە.

**واتای شێوازی:**

– **بە پێی ڕەگەز:** نێرە بە ئاکامی بەکارهێنانی برای من و شێوازی ستایشکردنەکەی.
– **بە پێی تەمەن:** پێگەیشتووە، چونکە ئەزموونداره و ڕاوێژی پیشەیی دەدات.
– **بە پێی پیشە:** ناوەند بەسەرەوەیە، چونکە ئاگادارە لە پیشەی ڕۆژنامەنووسی و زمانی تا ڕادەیەک فەرمی.
– **بە پێی ئاستی کۆمەڵایەتی:** نیشانی کەسێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشەنبیری دەدات و هەوڵدەدات خۆی لە جێگەی بەرز پیشان بدات و وا ڕەفتار دەکات لە خەڵکی تر زیاتر دەزانێت و هەوڵدەدات ڕۆلی مامۆستا یان ڕاوێژکار بگێڕێت.
– **بە پێی ئاستی ڕۆشەنبیری:** ئاستی بەرزە، چونکە ڕستەسازی باشە و وشەکان وەک ئاکادیمی و پیشەگەرانە بەکاردەهێنێت.
– **بە پێی دیالێکت:** کوردی (سۆرانی).

**٨– ((گوڵە بەڕۆژە بەیانیان ڕووی لە ڕۆژهەڵاتە دوای نیوەڕۆ لە ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی ناوکەکانی پڕو قەڵەو بن.))**

**لە ڕووی شێوازەوە:** ڕەخنەیەکی ناڕاستەوخۆیە و تانەیەکی توند و پڕواتایە دەربارەی نەبوونی بیروڕای جێگیر، بەوەی کە بەرژەوەندی لەکێ بێت ئەوەت دەوێت، تەنها بیر لە سوودی خۆت دەکەیتەوە، هەروەها تانەیە لە دووڕوویی کەسەکە. گوڵە بەڕۆژەی وەک نموونەیەکی پڕ بە پێستی بۆ کەسەکە هێناوەتەوە، کە پێشتر لایەنگیری ڕیاڵ بووە کاتێک ریاڵ بەهێزتر بووە، بەڵام ئێستا بۆتە لایەنگیر بە بەرشلۆنە، وەکو گوڵەبەڕۆژە خۆر لە کام لا بێت ڕووی لەوە بەپێی بەرژەوەندی دەسوڕێت.

**واتای شێوازی:**

- **بە پێی ڕەگەز:** ئەگەری زۆرە نێر بێت، چونکە شێوازی تەنز و گاڵتەجاری و بەکارهێنانی خوازراوی هێمن.
- **بە پێی تەمەن:** گەنجێکی پێگەیشتوو و شارەزا لە خوازراوە کۆنەکان و ئەزمونی ژیان بە هەڵە.
- **بە پێی پیشە:** ڕەنگە مامۆستا یان نوسەر یان پیشەیەکی کەلتووری بێت و کەسێکی زیرەک و دووربین و شارەزا لە ئەدەب و وشەی خوازراو و توانای بەستنەوەی هونەری نێوان بابەتەکان.
- **بە پێی ئاستی کۆمەڵایەتی:** کەسێکی زیرەک و شارەزا لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.
- **بە پێی ئاستی ڕۆشەنبیری:** ناوەند تاکو بەرز، چونکە زۆر بە لێزانانە بۆ کەسەکە چووە و وشەی خوازراوی بەکارهێناوە شارەزایە لە ئەدەبیات و فۆلکلۆری کوردی و ئاستێکی بەرزی فەرهەنگی زمانەوانی نیشان دەدات، ڕەنگە خاوەن پێگەیێکی بەرز نەبێت، چونکە چینی بەرز لە بابەتی گشتی وەکو وەرزش تێوەگلاو نابێت و هەروەها پەیوەست نابێت بە ژیانی خەڵک.
- **بە پێی دیالێکت:** کوردی (سۆرانی).

**٩- ((یەک فیرقەشم بۆ بدۆزەرەوە بە قەد ڕیاڵ کێشەی هەبووبێت ئەمساڵ لە نەبوونی یاریزان و پێکان!!! ئەو بارودۆخەی ئەمساڵ ڕیاڵ هەیەتی هەرتیپێکی تر هەی بووایە ئێستا لە ڕیزبەندی خوارەوەی خولەکە ئەبوو! سەرەڕای هەموو ئەمانەش ڕیاڵ هەرباشە سیتی کردە دەرەوە، ئەتلەتیکۆی کردە دەرەوە. دواین دوو کلاسیکۆش بە هەڵەی یاریزانەکان و کەمتەرخەمییان دۆڕان.....))**

**لە ڕووی شێوازەوە:** زمانێکی سادەو ڕاشکاوانە بەکارهێنراوە، ڕستەکان درێژن و بە کۆما و خاڵ جیا کراونەتەوە، بەکارهێنانی هێمای سەرسوڕهێنەر(!!!) نیشانەی هەستی بەرزی نووسەرە، بەکارهێنانی(فیرقە) تێکەڵەی کوردی و عەرەبییە، شێوازێکی بەرگری و پاساو گێڕانە، بەکارهێنانی زاراوە وەرزشیەکان(کلاسیکۆ، ڕیزبەندی، خولەکە) ئاماژەن بۆ زمانی فەرمی، کەسێکی وردو شارەزا لە وەرزش.

**واتای شێوازی:**

- **بە پێی ڕەگەز:** بە ئەگەری زۆر نێرە، بە هۆی شێوازی توند لە بەرگریکردن و شارەزا لە بواری وەرزش و بەشداری چڕ لە بواری وەرزش.
- **بە پێی تەمەن:** گەنج تا مامناوەند، بە هۆی شارەزای و چاودێری ورد لە وەرزش و ئاگادار لە مێژووی تیمەکان.
- **بە پێی کۆمەڵایەتی:** شێوازی گفتوگۆی شارنشینانە و شارەزا لە وەرزش.
- **بە پێی ئاستی ڕۆشەنبیری:** ئاستی بەرز و زیاتر بە لای فەرمییەوەیە.
- **بە پێی دیالێکت:** کوردی (سۆرانی) ناوەڕاست.

ب- لە٢٠٢٥/٨/٢٥ کەناڵی (AvA media) بڵاوکرایەوە، کە هەواڵێکی ناخۆشی پێیە بۆ هەموو موچەخۆرانی کوردستان، چونکە ناردنی موچە کێشەی تێکەوتووە، ئەم هەفتەیەش بە تەمای موچە مەبن، بە هۆی ڕێکنەکەوتنی عیراق و هەرێم لەسەر چەند پرسێکی داهاتی نەوت و داهاتی ناوخۆ، ئەم کۆمێنتانەی بۆ هاتبوو:

**١٠- ((بخودێ ئەز دزانم چجار هەرێم رازی نابت و چ رێکەفتنا ناکەت، ئێ باشە مادەم رازی نابی، موچێ خەڵکێ ژ داهاتی بدە، نیڤەک داهات بۆ موچەی و نیڤا دی بلا بۆ وە بت، سەرێ وە بخۆت ئینشللا.))**

**لە لایەنی شێوازەوە:** کۆمێنتەکە بە زمانێکی نافەرمی وەک زمانی ڕۆژانە نووسراوە، بەکارهێنانی زاراوەی خۆماڵی (بخودێ) جۆرێکە لە سوێند خواردن، کۆمێنتەکە بە ڕستەی تەواو نە نووسراوە و بێ کۆما و خاڵە، چەند جۆرە شێوازێکی تێکەڵ کردووە وەک؛ پرسیارکردن، ئارەزووکردن، دوعاکردن، سەرکۆنەکردن، چارەسەرکردن. بە تۆنێکی تورە و داخوازیکارانە داوا لە حکومەتی هەرێم دەکات، بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ ڕەخنە دەگرێت، زۆر بێ هیوایە لە دەسەڵاتدارانی هەرێم.

**واتای شێوازی:**

**بە پێی ڕەگەز:** ئەگەری زۆرە نێر بێت، چونکە تۆنێکی بەهێزو بێ ترس ڕاستەوخۆ ڕەخنەگرتن لە حکومەت.

بەپێی تەمەن: تەمەنێکی مامناوەند، چونکە تێگەیشتنی باشی هەیە لە کێشە سیاسی و ئابوورییەکان و ناڕازی بوون لە دووبارە بوونەوەی کێشە نەتەوەییەکان.

**بە پێی پیشە:** بە ئەگەری زۆر کارمەندی حکومی، بەو پێیەی زۆر گرنگی دەدات بە کاتی وەرگرتنی مووچە، ئاشنایەتی هەیە لەگەڵ ڕێو شوێنە کارگێڕییەکان و تێگەیشتنی ڕاستەوخۆ لە کاریگەری کێشەکان.

**بە پێی ئاستی کۆمەڵایەتی:** چینی ناوەند لە دابینکردنی بژێوی ژیان و پشت بەستنی تەواو بە مووچەی مانگانە، نیگەران لە دابینکردنی داهات بۆ خێزان.

**بە پێی ئاستی ڕۆشەنبیری:** ئاستی ناوەند، تێگەیشتنی گشتی هەیە لە کێسە سیاسییەکان، بەڵام دەربڕینی ئەکادیمی نییە و زیاتر پشت بە پراکتیکی دەبەستێت.

**بە پێی دیالیکت:** کوردی(کرمانجی سەروو).

**١١- ((قناتی وا و هەردوو حکمت شی یاریا ب هەستی خلکی دکن اینشه الله خودی حقی ڤی ملتی ژ وا چیکت.))**

**لە رووی شێوازەوە:** بەکارهێنانی تۆنێکی وەک نامەی ڕەسمی، تێکەڵکردنی وشەی کووردی و عەرەبی، بەکارهێنانی چەمکی ڕەسەن و ئاماژە بە پەیامێکی قوڵ بە وشەی کەم، دەربڕینێکی ڕاستەوخۆ و بێ ترس و لوتکە و درۆ، بەکارنەهێنانی جنێو و پارێزگاری لە ئەدەب، بەکارهێنانی وشەی ئایینی (اینشه الله) بۆ وەرگرتنەوەی ماف لای خودا. نوێنەرایەتیکردنی بیری گشتی و قسەکردن بەناوی خەڵکەوە. بەرگریکردن لە ماف و هەستی بەرپرسیارییێتی، بەراوردکردنی هەردوو حوکمەت وەک یەک و ڕەخنەی ڕێکخراو.

**واتای شیوازی:**

**بە پێی ڕەگەز:** بە دڵنیاییەوە نێرینەیە، چونکە دەربڕینەکەی بە شێوازی فەرمانڕەوا و تۆنی دادوەرییە لە حوکمدان.

**بە پێی تەمەن:** پێگەیشتوو، بە ئاکامی تێگەیشتنی قووڵی لە سیستەمی سیاسی و ئەزموونی تەواو لەگەڵ هەردوو حوکمەت.

**بە پێی پیشە:** کارمەندی حکوومی، تێگەیشتوو لە سیستماتیکی سیاسەت

**بە پێی ئاستی کۆمەڵایەتی:** چینی ناوەڕاست، چالاک لە هەستی بەرپرسیارێتی نەتەوەیی، بە دوور لە جنێو و سوکایەتی.

**بە پێی ئاستی ڕۆشەنبیری:** ئاستی بەرزی ڕۆشەنبیری، بەکارهێنانی زمانی سیاسی پسپۆڕانە و ئاشنایەتی لەگەڵ کارکردنی دامەزراوەکان و سیاسەتی حوکمڕانی، هەستکردن بە بەرپرسیارێتی نەتەوەیی.

**بە پێی دیالێکت:** کوردی،شێوەزاری(کرمانجی سەروو).

ج- لە چاوپێکەوتنی کەناڵی (Rudaw) لە٢٠٢٥/٧/٩ شەڕی نێوان هێزی ئەمنی لەگەڵ هێزی هەرکی، فەرماندەیەکی هەرکی باسی لەوە کرد، کە ئار بی جی، بیکەیسی، و دۆشکەمان هەیە، دۆشکە ئاساییە، ئەم کۆمێنتانەی بۆ هاتبوو:

**١٢- ((داخازا ژ امریکا دکەین ایف ١٦ ژی بدەتێ.))**

**لە رووی شێوازەوە:** شێوازێکی نافەرمی و گاڵتەجارانەیە، کورت و ڕاستەوخۆیە، ئامانجی تەنزە لە کەسایەتییەکە کە زۆر پاڵەوانە، ئاماژەکردنە بە چەکی ئەمریکی پێشکەوتوو، بەراوردکردنە لەگەڵ چەکەکانی کەسەکە پراگماتیکانە قسە دەکات.

**واتای شێوازی:**

**بە پێی ڕەگەز:** بە ئەگەری زۆر نێرە، بە هۆی شارەزایی لە جۆری چەکەکان و شێوازی نووسینی توندو گاڵتەجار.

**بە پێی تەمەن:** بەئەگەری زۆر گەنج، بەهۆی شارەزایی لە شەڕو چەک.

**بە پێی پیشە:** بە ئەگەری زۆر چەکدار یان شارەزا لە چەک و تەکنیکی سەربازی.

**بە پێی ئاستی کۆمەڵایەتی:** چینی ناوەند یان خوارەوە، ئاشنا کێشە سیاسی و سەربازییەکان و چەکە نێو دەوڵەتییەکان پشتگیری لە کەسایەتی هەرکی، ئاشنایە نە کولتووری ئۆنلاین.

**بە پێی ئاستی ڕۆشەنبیری:** ئاستی ناوەند، زانینی ڕووکەشی هەیە بە لام پراکتیک نییە.

**بە پێی دیالێکت:** کوردی شێوەزاری(کرمانجی سەروو).

**١٣- ((ڕەیا من زەلامێ مالا خودا چەک نەبیت چ فەرق نیە گە خێزانا خۆ.))**

**لە ڕووی شێوازەوە:** زمانێکی زۆرسادە و نافەرمی و توند لە بڕیاردان، پاڵپشتی نەریتی کۆن دەکات، چەک بە نیشانەی دەسەلات دادەنێت، شێوازێکی گوندنشینانەیە و نەبوونی فیلتەر لە دەربڕینەکانی، لە کولتووری کۆنی جەندەری دەژی، پاڵپشتی کەسایەتی عەشیرەتی هەرکی دەکات.

واتای شێوازی:

**بە پێی ڕەگەز:** بە دڵنیاییەوە نێرە، چونکە پاڵپشتی پیاوانە و ژن بە بێ دەسەلات و سوکایەتیپێکراو دادەنێت.

**بە پێی تەمەن:** پێگەیشتوو، چونکە پاڵپشتی نەریتی کۆنە دوورە لە زمانی سۆشیال میدیا.

**بە پێی پیشە:** کرێکار یان شۆفێر یان هەر پیشەییێکی ئاسایی

**بە پێی ئاستی کۆمەلایەتی:** چینی خوارەوەی کۆمەڵە. . پشتگیری پیاو سالاری دەکات.

**بە پێی ئاستی ڕۆشەنبیری:** ئاستی زۆر نزم تا بنەڕەتی، بە هۆی نەگۆڕانی بۆچوونی بەسەر کاتدا، نەتوانینی بینینی ژن و پیاو بە یەکسانی.

**بە پێی دیالێکت:** کوردی شێوەزاری(کرمانجی سەروو).

د- لە ٢٠٢٥/٨/٢٦ لە کەناڵی ئاڤا دیمەنی خواردنگەیەک بلاوکرایەوە، کە لەبەر پیسی (١٢٠) کەس ژەهراوی بوون، ئەم کۆمێنتانەی بۆ هاتبوو:

**١٤- ((دێ بەس خەڵکی مژیلکەن ئەڤ چ فلمن موچێ خەڵکی بدەنێ))**

**لە ڕووی شێوازەوە:** کۆمێنتەکە بە زمانێکی نافەرمی نووسراوە، هەڵەی ڕێنووسی و ڕێزمانی زۆرە، خاڵبەندی نییە، وشەی عەرەبی تێکەڵی زمانی کوردی کراوە، کۆمێنتەکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بابەتەکەوە نییە (ژەهراوییبوون وموووچە) دوو بابەتی جیاوازن بە مەبەست تێکەڵکراون، ڕەخنە لە کەناڵی سەر بە دەسەلات و حکوومەت دەگرێت لە کاتێکدا بابەتەکە تەندروستی گشتییە، نەبوونی پێشنیار و چارەسەر بۆ بابەتەکە، پێی وایە بۆ لە بیر بردنەوەی موچەیە کە دواکەوتووە.

**واتای شێوازی:**

**بە پێی ڕەگەز:** مێیە، شێوازی قسەکردنی زیاتر ژنانەیە، بە هۆی بەکارهێنانی وشەی (فلمن) زیاتر لە دەربڕینی ژنان دەچێ.

**بە پێی تەمەن:** گەنج، بە ئاکامی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا، هەستکردن بە بارودۆخی ئابووری وەک ئەزموونی کەسی.

**بە پێی پیشە:** ئەگەری هەیە کارمەندی حکوومی بێت و کێشەی سەرەکی مووچە بێت.

**بە پێی ئاستی کۆمەلایەتی:** چینی ناوەند، هەستکردن بە بێ ئومێدی لە چارەسەر و گەڕانەوەی تاوان بۆ دەسەلاتداران.

**بە پێی ئاستی ڕۆشەنبیری:** ئاستی دەستپێکەر (ناوەند) لە خوێندن، شیکردنەوەی ساکار بۆ بابەتە ئالۆزەکان.

**بە پێی دیالێکت:** کوردی شێوەزاری(کرمانجی سەروو).

**١٥- ((هەما ژ ناڤی خارنگەهێ بی دیارە کو یا پیسە (ماکوکو) ناڤە چ ناڤێت کوردی نەبوون))**

**لە ڕووی شێوازەوە:** زمانێکی خۆماڵی ڕۆژانە و نافەرمی، هەڵەی ڕێنووسی و ڕێزمانی زۆرە، ئەگەری زۆرە بە هۆی نووسینی خێرای سۆشیال میدیاوە بێت، تێکەڵکردنی وشەی زمانی بێگانە لە گەڵ کرمانجی سەروو بە شێوەی هەڵە، ئاماژە بە ڕق و کینە دەکات بەرامبەر بە ناوەکانی زمانی بێگانە. جگە لە کورد گشتییان بە پیس تاوانبار دەکات.

**واتای شێوازی:**

**بە پێی ڕەگەز:** بە دڵنیاییەوە مێیە، بەو پێیەی زۆر خەڵک بە بابەتی پیسی تاوانبار دەکات چونکە زیاتر ئافرەت پەیوەستە بە بابەتی خاوێنی.

**بە پێی تەمەن:** گەنج، چونکە زیاتر گرنگی بە بابەتی پاک و خاوێنی دەدەن.

**بە پێی پیشە:** یەگەری زۆرە ژنی ماڵەوە بێت، یان خاوەن پیشەیێکی سەربەخۆ بێت، چونکە زۆر دژ بە زمانی بێگانە و کۆمەڵگای فرە چەشنە.

**بە پێی ئاستی کۆمەڵایەتی:** ئەگەری زۆرە ژیان لە ژینگەیێکی یەکڕەگی نەتەوەیی و کەمی تێکەڵبوون لەگەڵ فرە نەتەوە بباتە سەر، مەترسی هەیە لە گۆڕانی دیمۆگرافی.

**بە پێی ئاستی ڕۆشەنبیری:** خوێندەواری سەرەتایی، زانیاری سادە لە بابەتە ئاڵۆزەکان، پشت بەستن بە گومان.

**بە پێی دیالێکت:** کوردی شێوەزاری(کرمانجی سەروو).

**١٦- ((برا ئەنگۆ سوعبەتێ نزانن😂😂لە کیم جونک خراپترن😂))**

**لە ڕووی شێوازەوە:** کۆمێنتەکە بە زمانێکی نافەرمی و خۆماڵییە، بەراوردکردنی فەرماندەکە بە (کیم جون ئون) سورۆکی کۆریای باکوور کە دکتاتۆرە بە شێوەیێکی تانەدارانە، بەکارهێنانی ئیمۆجی بۆ پێکەنین، لە جیاتی ڕەخنەی ڕاستەوخۆ بە شێوەیێکی گاڵتەجاری هەڵوێستی خۆی دەردەبڕێت.

**واتای شێوازی:**

**بە پێی ڕەگەز:** بە ئەگەری زۆر نێرە، جونکە وشەی (برا) زیاتر لە پیاوان دەبیسترێت، شێوازی ڕاشکاوی و بابەتکە زیاتر نێرانەیە.

**بە پێی تەمەن:** بە ئەگەری زۆر زیاتر گەنجە، چونکە بەکارهێنانی ئیمۆجی و شێوازەکەی زیاتر گەنجانەیە.

**بە پێی پیشە:** ئەگەری زۆرە کرێکار یان کاسب بێت چونکە زمانەکەی زۆر خۆماڵی و خەڵکانەیە، کە لە نێو هاوپیشەکاندا باوە و نافەرمییە.

**بە پێی ئاستی کۆمەڵایەتی:** کەسێکە گومانلێکراوە کە لە دەسەڵاتداران بێت، چینی ناوەند بێت.

**بە پێی ئاستی ڕۆشەنبیری:** ڕۆسەنبیرییەکی سیاسی سادەی هەیە، بەڵام قوڵ نییە خوێندەوارە.

**بە پێی دیالێکت:** کوردی شێوەزاری کرمانجی.

لە ڕێگەی شیکردنەوەی کۆمێنتەکانی بەکارهێنەرانی فەیسبووک بە زمانی کوردی شێوەزاری (سۆرانی و بادینییەوە)، چەند جۆرێکی واتای شێوازی دەستنیشان کران، کە دەتوانرێت بۆ پێنج بەشی سەرەکی پۆلێن بکرێن:

**١- واتای شێوازی فەرمی:** ئەم جۆرە واتا شێوازییە بە بەکارهێنانی زمانی فەرمی، ڕستەسازی تەواو و پەیڕەوکردنی یاساکانی ڕێنووس دەناسرێتەوە. کۆمێنتەکانی ئەم جۆرە زۆر جار لە بابەتە فەرمی، سیاسی، یان کۆمەڵایەتییە جدییەکاندا بەکاردەهێنرێن.

**٢- واتای شێوازی نافەرمی:** ئەمەش بە بەکارهێنانی زمانی ڕۆژانە، کورتکردنەوەی وشەکان، بەکارهێنانی دەستەواژە خۆماڵییەکان دەناسرێتەوە، ئەم جۆرە لە گفتوگۆی دۆستانە و ناوخۆیی زۆر بەکار دێت.

**٣- واتای شێوازی ئەدەبی:** ئەم جۆرە بە بەکارهێنانی وشە ئەدەبییەکان، دەربڕینی هونەری، بەجوانکاری زمانی دەناسرێتەوە، زۆر جار لە کۆمێنتەکانی بابەتە کولتووری و ئەدەبییەکاندا دەبینرێت.

**٤- واتای شێوازی ئاستی بەرزی ڕۆشەنبیری:** ئەمە بە بەکارهێنانی دەستەواژەی پسپۆڕانە، ناوی زانستی، شیکردناوەی قوڵ دەناسرێتەوە، زۆر جار لە کۆمێنتەکانی خەڵکی پسپۆڕ دەبینرێت.

**٥- واتای شێوازی ئاستی نزم:** ئەمەش بە سادەیی زمان، بەکارهێنانی وشە بنەڕەتییەکان، پێچاوپێچی ڕستەسازی دەناسرێتەوە.

لەم هێلکارییانە بۆمان دەردەکەوێت:

١- ڕەگەزی نێر زۆرینەیە لە بەکارهێنانی واتای شێوازی .

٢- تەمەنی ناوەند زۆرینەیە و لە بەکارهێنانی واتای شێوازی.


٣- ڕەگەزی نێر زیاتر واتای شێوازی ئاستی نافەرمی بەکاردەهێنن.

٤- تەمەنی گەنجان زیاتر ئاستی نافەرمی بەکار دەهێنن.


٥- مەرج نییە کەسانی خوێندەوار واتای شێوازی ئەدەبی و واتای شێوازی ئاستی بەرز بەکاربهێنن، بەڵکو ئاستەکانی

تریش بەکار دەهێنن.


٧- لەبەر ئەوەی بابەتەکان زیاتر کۆمەڵایەتین شێوازی نافەرمی زیاتر بەدیکرا لەو کۆمێنتانەی وەرمان گرتبوون.





هێلکاری یەکەم (کۆمێنتاکان بە پێی ڕەگەز)




هێلکاری دووەم (کۆمێنتاکان بە پێی تەمەن بۆ ڕەگەزی نێر )




هێلکاری سێیەم (کۆمێنتاکان بە پێی تەمەن بۆ ڕەگەزی مێ)




هێلکاری چوارەم (کۆمێنتاکان بە پێی جۆری واتای شێوازی)

## ئەنجامەکان:

لە ڕێگەی شیکردنەوەی کۆمێنتەکانی بەکارهێنەرانی فەیسبووک بە زمانی کوردی شێوەزاری (کرمانجی سەروو و خواروو)ەوە، چەند ئەنجامێکی سەرەکی دەستنیشان کران:

١- فرەجۆری واتای شێوازی لە کۆمێنتەکاندا، ئەنجامەکان دەریدەخەن کە بەکارهێنەرانی فەیسبووک پێنج جۆر واتای شێوازی(فەرمی، نافەرمی، ئەدەبی، ئاستی بەرزی ڕۆشەنبیری، ئاستی نزم) واتای شێوازییان بەکارهێناوە، ئەم فرە جۆرییە نیشاندەری دەوڵەمەندی زمانی بەکارهێنەران و توانای ئەوانە لە گۆڕینی شێوازی زمان.

٢- هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر هەڵبژاردنی واتای شێوازی هەیە. هەر گرووپێک تایبەتیمەندی زمانی خۆی هەیە، کە لە شێوەی دەربڕین، بەکارهێنانی وشە، ئاستی فەرمیبوونی زماندا دەردەکەوێت.

٣- بابەتی کۆمێنتەکان ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەبینێت لە دیاریکردنی واتای شێوازیدا. بابەتە فەرمی و ئەدەبییەکان زیاتر واتای شێوازی فەرمی و ئاستی بەرز دەخوازن، لە کاتێکدا بابەتە کەسی و خێزانییەکان زمانی نافەرمی و ئاساییان پێویستە.

٤- کۆمێنتەکانی فەیسبووک تایبەتمەندی تایبەتییان هەیە وەکو کورتبوونەوە، بەکارهێنانی ئیمۆجی و نیشانە تایبەتەکان وتێکەڵبوونی چەند جۆری واتای شێوازی لە یەک کۆمێنتدا. ئەمە واتای شێوازی نوێ دروست دەکات کە تایبەتە بە ژینگەی دیجیتاڵ

٥- لە ڕێگەی شیکردنەوەی کۆمێنتەکان بۆمان دەرکەوت، کە زمان وەک نیشانەی ناسنامەی گرووپی بەکاردەهێنرێت و واتای شێوازی ڕۆڵی هەیە لە پیشاندانی ئەندامیەتی لە کۆمەڵگادا.

٦- تەکنەلۆژیا کەریگەری بەرچاوی کردۆتە سەر گۆڕانکاری لە زمان، کە لە کۆمێنتەکان ڕەنگیداوەتەوە، بووەتە هۆی دروستبوونی زمانێکی نوێ تایبەت بە میدیای کۆمەڵایەتی.

٧- زمانی فەیسبووک و زمانی فەرمی جیاوازییەکی بەرچاویان هەیە، فەیسبووک بە گشتی کاریگەری لەسەر زمانی گشتی هەیە.

## سەرچاوەی کوردی:


- ئەحمەد، شعبان شعبان(٢٠٠٢)، شێوازی شیعری جزیری، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
- حمە سەعید، نەزاکەت حوسێن(٢٠١٩)، کێشەکانی میدیا لە هەرێم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
- حمەکەریم، نەریمان حسن(٢٠١٥)، دروستەی سیمانتیک لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- حوسێن، هێرش چەتۆ(٢٠٢١)، زمانی نوسینی کوردی لە تۆڕە کۆمەلایەتییەکان(چاتی فەیسبووک بە نموونە)، گۆڤاری توێژەر/بەرگی٤/ ژمارە٢، لاپەڕە:١٦٧.
- خوولی، محەمەد خوولی(٢٠٢٤)، و:نەریمان عبرلله خۆشناو، واتاسازی، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.
- دزەیی، عبدالواحد موشیر(٢٠١١)، واتاسازی وشەو ڕستە، چاپی دووەم چاپخانەی ماردین، هەولێر
- رحمان، بڕوا عوسمان- پ.ی.د حکیم عوسمان حەمید(٢٠٢٣)، پەیوەندی نێوان کارامەیی میدیاکاران وبەڕێوەبردنی تۆڕە کۆمەلایەتییەکان فەیسبووک بە نموونە، کۆلیژی تەکنیکی کارگێڕی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- سەعید، بێ خاڵ عبدلله(١٩٨٩)، واتاسازی وشە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
- شەمس، هێمن عەبدولحەمید(٢٠٠٦)، شێوازو دەربڕین لە بۆنە کۆمەلایەتییەکاندا، نامەی ماستەر، کۆلیجی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.
- صادق، شاناز محەمەد(٢٠٢١)، ڕۆڵی تۆڕە کۆمەلایەتییەکان لە دروستکردنی ڕای گشتیدا سەبارەت بە خوێندنی ئەلکترۆنی، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
- عەلاف، پەروین عوسمان(٢٠٠٨)، واتاو وەرگێڕان، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
- عەلی ، تالب حسین(٢٠١١)، واتاسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
- عەلی، تالب حسین(٢٠١٩)، واتاسازی، چاپی دووەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر.
- فتاح، محەمەد مەعروف(٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
- فتاح، محەمەد مەعروف(٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، هەولێر.
- محەمەد، حاتەم ولیا(٢٠١٢)، جۆرەکانی واتا، گۆڤاری(الاستاذ)، ژمارە(٢٠١)، لاپەڕە: ٨٤٨.


## سەرچاوەی عەرەبی:


- اولمان، ستيڤن(١٩٨٦)، دور الكلمة فى اللغة، ترجمة: كمال محمد بشير، الطبعة العاشرة، مكتبة الشباب.
- أبوعيشة، فيصل(٢٠١٠)، الاعلام الالكترونى، بدون مطبع.
- المقدادى، خالد عدنان يوسف(٢٠١٣)ثورة الشبكات الاجتماعية(عمان:دار النفائس للنشر والتوزيع).
- العفيلى، فهد بن عبدالعزيز(٢٠١٧)، الاعلام الرقمي اشكالة وظائفه و سبل تفعليه و ملحق به مشاريع و تطبيقات المدانية، مكتبة الملك فهد الوطنيه للنشر، رياض، سعوديه.
- بالمر، فرانك ر، ترجمة. د. صبرى ابراهيم السيد(١٩٩٥)، علم الدلالة اطار جديد، جامعة عين شمس، اسكندريية.
- بوزواده، حبيب(٢٠٠٨)، علم الدلالة التأصيل والتفصيل، مكتبة الرشاد للطباعة والنشر والتوزيع، الجزائر.
- خرما، نايف(١٩٧٨)، اضواء على الدراسات اللغويةالمعاصرة، كويت.
- عمر، أحمد مختار(١٩٨٢)، علم الدلالة، مكتبة دار العروبة للطبع والنشر، الطبعة الاولى، الكويت.
- فضل، صلاح(١٩٩٢)، علم الاسلوب مبادئه واجراءاته- قاهرة- موسسة مختار للنشر والتوزيع.
- يوسف، حنان(٢٠٠٦)، تكنلوجيا الاتصال و مجتمع المعلوماتية، أطلس للنشر، ط٢، القاهرة.


## سەرچاوە ئینگلیزی:


- Crystal, David(1997), English shas a clobal language.Cambrige University press.

**معنى الاسلوب في مواقع التواصل الاجتماعي (تعليقات الفيسبوك على سبيل المثال)**

**ليلى محسن رشيد**
قسم اللغة الكردية،كلية التربية الاساس,جامعة صلاح الدين–أربيل,إقليم كوردستان,العراق
lailamuhsin54@gmail.com

**بدرخان سليمان على**
قسم اللغة الكردية،كلية التربية الاساس,جامعة صلاح الدين–أربيل,إقليم كوردستان,العراق
badrkhan.ali@su.edu.krd

**الملخص**
في ظل ارتباط المجتمعات الرقمية، يمكن اعتبار منصات مثل فيسبوك وسيلة معاصرة لبناء صداقات حقيقية وعلاقات اجتماعية أصيلة.
يُعد هذا البحث محاولة لتقييم شامل لفهم العلاقة بين اللغة والمجتمع والتكنولوجيا في إطار الشبكات الاجتماعية، التي أصبحت جزءاً من الحياة اليومية لأفراد المجتمع المعاصر. في هذا الإطار، تم أخذ عدد من تعليقات فيسبوك لإظهار المعنى الأسلوبي من حيث الرسمي وغير الرسمي، والجنس، والعمر، واللهجة الجغرافية، والمستوى الثقافي، وذلك لتحديد تنوع المعنى الأسلوبي في التعليقات.
تكشف النتائج أن مستخدمي فيسبوك يستعملون خمسة أنواع من المعنى الأسلوبي :الرسمي، وغير الرسمي، والأدبي، والمستوى الثقافي العالي والمنخفض . يُظهر هذا التنوع ثراء اللغة لدى المستخدمين وقدرتهم على تغيير أسلوبهم اللغوي حسب المواقف.
يؤثر تأثير العوامل الاجتماعية على اختيار الأسلوب اللغوي من حيث الجنس والعمر ومستوى التعليم والمهنة تأثيراً مباشراً على اختيار المعنى الأسلوبي. لكل مجموعة خصائصها اللغوية التي تظهر في أسلوب التعبير واستخدام المفردات ومستوى رسمية اللغة.
يلعب موضوع التعليقات دوراً موحداً في تحديد المعنى الأسلوبي. تتطلب الموضوعات الرسمية والسياسية معنى أسلوبياً رسمياً ومستوى عالياً، بينما تحتاج الموضوعات الشخصية والأسرية لغة غير رسمية وعادية.
**الكلمات المفتاحية** :المعنى، المعنى الأسلوبي، الشبكات الاجتماعية، التعليق، فيسبوك.

**The Style of Expression on Social Networks (Facebook Comments as Example).**

**Laila Muhsin Rashid**
Department of Kurdish language, College of Basic Education, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
lailamuhsin54@gmail.com

**Badrkhan Sleman Ali**
Department of Kurdish language, College of Basic Education, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
badrkhan.ali@su.edu.krd

**Abstract**
Digital platforms such as Facebook can be considered as a contemporary means for building real friendships and genuine social relationships.
This research examines the relationship between language, society, and technology in social networks, which have become part of contemporary daily life. Facebook comments were analyzed to reveal stylistic meaning regarding formal/informal usage, gender, age, geographical dialect, and cultural level.
Results show that Facebook users employ five types of stylistic meaning**:** formal, informal, literary, high cultural level, and low cultural level**.** This diversity demonstrates users' linguistic richness and ability to adapt their style to different situations. Social factors significantly influence linguistic style selection. Gender, age, education level, and profession directly impact stylistic meaning choice. Each group displays distinct linguistic characteristics in expression style, vocabulary usage, and language formality. Comment topics play a key role in determining stylistic meaning. Formal and political topics require formal stylistic meaning, while personal and family topics need informal language.
**Keywords:** meaning, stylistic meaning, social networks, comment, Facebook

## پاشکۆکان:

بخودێ ئەز دزانم چجار هەرێم ڕازی نابت و چ
ڕێکەفتنا ناکەت، ئێ باشە مادەم ڕازی نابی، موچێ
خەلکێ ژ داهاتی بدە، نیڤەك داهات بۆ موچەی و نیڤا
دی بلا بۆ وە بت، سەرێ وە بخوّت ئینشللا.

32m Like Reply 1

قناتي وا و هه ردوو حكمت شي ياريا ب هه ستي
خلكي دكن اينشه الله خودي حقي في ملتي ژوا
جيكت

27m Like Reply

داخاز ژ امريكا دكه ين ايف ١٦ ژي بده تئ

2y Like Reply

دەمت درێژبێ دەستت کورت ئەبێ کە خۆت
هەلکێشا گوێت لە چرت ئەبێ

10w Like Reply 1

ئەڵێی لەسەر تەنور دانیشتووی
ئەو قسە قۆڕانە ئەڵێی
ڕاستە ڕیاڵ ئەم ساڵ بەعام خراپ بووە
بەڵام ئەوە ناگەیەنێت تۆ ئاوا باسی کەیت
وڕڕڕڕڕڕ

10w Like Reply

کورە کی دوڕینیت تو پێ ڕاتبێرێی تو بۆ خۆ ماڵ نی
تە عەدما سوشیال میدیایێ ئینا شیکەرەوە کێرێت
هونە بۆ لایک و کومێنتا تە تشت نەما نەکەی تە زورێ
خۆ بێ تام کرێی بارسلون گە ئینتر دوڕاند تە پێ
ڕابوارد . گورانکاریەکێ بکە تە هەتکا خۆ بر

10w Like Reply 1

کا دە تخوا لە خۆت هەلدە

1w Like Reply

ڕەیامن زەلامێ مالاخودا چەک نە بیت چ فەرق نیە گە
خێزاناخۆ

2y Like Reply 1

دێ بەسە خەلکی مژیلکەن ئەڤە چ فلمن مۆچێ
خەلکی بدەنێ

8h Like Reply

هةما ژنافی خارنكةهى بى ديارة كو ياپيسة (ما
كوكو )نافة ج نافيت كوردى نةبوون

10h Like Reply

برائەنگۆ
😂😂سووعبەتی نزانن😂لە کیم جونک خراپترن

2y Like Reply

سووک و قەشمەر و مەزە و کویلەی پارە و ئەکتیف و
ڤیوو وەسەلام

10w Like Reply 2

باشە بەرشە ئەوەنە باش و نایابە چامپیۆنسلیگی
ئەمساڵ ئەبات هههههههه تێکەتیت لۆمارێ لۆمارێ

10w Like Reply

برای من ئیش کردنی پێش ئێستات ئەکادیمی
تربوویت
چونکە تۆ ڕۆژنامەنوسێکی باش و سەرکەوتویت و
جیهانیت
باشتر ئەوەیە بۆ تۆ ئەویە پیشەگەرانە تر سەیری
خۆت کەیت

10w Like Reply

گوڵە بەڕۆژە بەیانیان ڕووی لە ڕۆژهەڵاتە دوای نیوەڕۆ
لە ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی ناوکەکانی برو قەڵەوبن

1w Like Reply